کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە



به بۆنەی سالی نویێ خویندن ل٢



١١ سیپتامبر ئەو رۆژە رەشەی که له بیر ناچێتەوە ل٥



دیسان هێرش بۆ سەر کریکارانی نەساجی کوردستان ل٧



مانگرتنیکی سەرکەوتوانە لە کرماشان ل٧

دەورەی دووهەم | ژمارە ٢٢٤ | نیوەی ئەوەلی رەزبەری ١٣٨٥ | سپتامبری ٢٠٠٦

## جێگـــا و شـــوێنی ئەمنیـــەت بـــۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لـــه وتوویـــژەکانی قـــەیرانی ئەتومیدا

گفتگۆکانی رژیمی ئیسلامی و لایەنی رۆژئاوایی لە قەیرانی ئەتومی‌دا، درێژەیان هەیە. هەر دوو لا باس لە بەرەو پێش چوونی بەرچاو دەکەون و خوشحالی و رەزایەتی خۆیان دەردەبڕن بە بێ ئەوەی کە بتوانن ئەم بە روالەت بەرەو پێش چوونە بە خەڵکیش نیشان بدەن. ئایا بە راستی بەرەو پێش چوونێك لە گۆڕێ دایە یان ئەوە تەنیا گەمەیەکی دیپلوماتیکە، لە گەڵ خۆیان نا، بەڵکو لە گەڵ بیر و رای گشتی دەیکەن؟

واقێعیەت ئەوەیە کە کەس نیە ئەمرۆ هەست بەوە نەکات کە ئەم کێشەیە چەندین روالەتی شاراوەشی هەیە کە میدیای سەر بە دەولەتەکان ، یان لە ژێر کاریگەری دەولەتەکان دا، خۆی لێ لا دەدەن. بە نیسبەت هەر دوو لایەنی کێشەکەوە کۆمەڵێك بەرژەوەندی واقیعی هەیە کە کاری دیپلوماسی ئەوەیە ئەوەندەی کە دەتوانێ لە بەرچاوی خەڵك بیانشارێتەوە.

### لایەنی ناسراو بە ١+٥

بۆ ئەم لایەنە، گرینگترین خاڵی شاراوەی مەسەلەکە ئەوەیە کە چلۆن ململانی‌یەکانی ناوخۆی خۆیان داپۆشن. ناوەرۆکی کێشەکە لە ناویان دا ئەوەیە کە کام لایەنیان لەم ململانیەدا کەلامی ئاخر بەیان دەکات؟ ، ئەگەر قەرارە پێکهاتن و سازشێك لە نێوان رژیمی ئێران و رۆژئاوادا بکرێ، لە سەر دەستی کام لەم چەند لایەنە دەکرێ؟ بەرژەوەندە جیاوازەکان و جێگاو شوینی واقعی هەر کامیان لە هاوسەنگی هێز دا ، لە وەلامی ئەم پرسیارەدا خۆی دەبینێتەوە. دەولەتی ئامریکا هەوڵ دەدات بە پێی جێگا و شوێنێك کە لە دابەش کردنی کاری جیهانی‌دا بۆ خۆی داناوە، لەم کێشەیەشدا بە هێمنانە بێ یان بە زۆر، بە شەڕ بێ یان بە هەڕەشەی شەڕ، براوەی نیهایی بێت. ئامریکا دەیهەوێ کونترولی سەرەڕۆییەکانی رژیمی ئیسلامی لە درێژەی پرۆژەکانی ئەودا هاتبێتە کایەوە و رژیمی ئیسلامی لە نەیارێکی توند رەوەوە ببێ بە هاوکارێکی نەرم و نیانی ئامریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. لە روالەت دا ئەم بەرژەوەندیە بەو سیاسەتە عەمەلیەی کە ئێستا دەچێتە پێش و بە روالەت جلەوی کارەکە بە دەست لایەنی ئوروپایەوەیە، دابین نابێت. کە وابێ دەولەتی ئامریکا بە پێی مەنتێق بێ پێویستە لە ژێرەوە خەریکی کارێکی لە چەشنی‌تر بێ. بۆ دەولەتی ئامریکا ئەوە قبوول ناکرێ کە خاوێر سۆلانا و دەولەتانی ئوروپایی پاڵەوانی چارەسەر کردنی کێشەکە بن، هەم نفوزیان ئابووری و سیاسی‌یان لە ئێران زیادی کردبێ و هەم لای بیر و رای گشتی لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە ناسرا بن.

بەڵام دەولەتی ئامریکا ئەم ناکۆکیەی خۆی لە گەڵ دەولەتانی ئوروپایی دەبێ لە ژێر پەردەی هاوکاری و هاوپەیمانی‌دا بباتە پێش. لە پشتەوەی ئەو بزەیەی کە نوێنەرانیان لە کۆبوونەوەکاندا دێتە سەر لێوانیان چاو سوور کردنەوە و پاش قول گرتنی دیپلوماتیك شاراوەتەوە. دیارە سەر ئەنجام براوەی بەشی شاراوەی ئەم ململانیە ئەو لایەنە دەبێ کە لە هاوسەنگی واقیعی دونیای مادی دا توانیبێتی ئەم جێگا و شوێنە بە دەست بێنێت.

## دامەزرانی دەسەلاتی جەماوەر، لە ریگای شوراکانی هەلبژاردەوە، لە کوردستانی رزگار کراودا، ئەو سیستمەیە کە تواناییەکانی کۆمەڵگای کوردستانی گەشە پی دەدات





### وتووێژی گۆڤاری "جیهانی ئێمروز" لەگەڵ هاوری سەلاح مازوجی سەبارەت بە باسەکانی کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە (بەشی ١)

**پرسیار: کۆنگرەی دوازدەی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، راگەیاندنی کۆتایی پێهاتنەکەی بلاو بۆوە لێرەدابەر لەوەی پرسیارەکانمان کۆنکرێت تەرح بکەین، دەمانهەوێ بزانین کە جێ‌و شوێنی ئەو کۆنگرەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

هاوری سەلاحی مازووجی: بەپێی مەوازینی تەشکیلاتی و ئەساسنامەی حیزبی، کۆنگرەی کۆمەلە دەبی هەر دوسال جاریك بانگەوازی بۆ بدرێت. ئەو کۆنگرەیە بۆ ئیجراو بردنە پیشی ئەو مەوازینە ئەساسنامەییە بانگەوازی بۆکرا و بەڕێوە چوو. کۆنگرەی دوازدە، کۆنگرەیەکی روتین بوو.

ئەو باسانەی کە لەو کۆنگرەیەدا مەترەح کران، لە لێکدانەوەی هەل ومەرجی جیهانی و لێکدانەوەی کێشمەکێشێك کە لەسەر دووبارە تەعریف کردنەوەی هەڵس و کەوتی و نەتەوەیی جەمسەرە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری ئەم سەردەمە لە ئارا دایە، هەتا بارودوخی رۆژ هەلاتی ناوەڕاست، لێ کۆلینەوەی هەل و مەرجی خەباتی چینایەتی و بارودۆخی سیاسی لە ئێران و بەشێوەیەکی تایبەتی‌تر لە کوردستان و بۆچوونە سیاسی و تاکتیکییەکانی ئێمە، گشتیان لە درێژە و لە جەهەت وردتر کردنەوە و کونکریت کردنی هەرچی زیاتری سیاسەتەکان و هەلۆێستەکانی تا ئێستای کۆمەڵە بوو. ل٣

## فەرهەنگی دەسەلات دار و فەرهەنگی بەرگری ململانیێك لە مەیدانی فێرکردن و بارهێنان دا ل٢

## تیروریسمی کوێر، ئەو دیاردەیەی کە لە ژێر سیبەری سەرمایەداری سەردەمی ئێمەدا لە دایك بووە



**وتوویژی هاورێ حەسەن رەحمان پەناه بە بۆنەی سالهاتی رووداوی جینایەتکارانەی ١١ی سپتامبر**

**پرسیار: هاوری حەسەن ٥ ساڵ لە رووداوی ١١ی سیپتامبر تێپەر دەبێ، پێش هەر چەشنە لیکدانەوەیەك دەمانهەوێ بزانین کە هەلویستی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەکاتی خویدا سەبارەت بەو رووداوە چۆن بووە؟**

وەڵام: ئەمە کردەوەیەکی زۆر زۆر دژی ئینسانی و ووحشیانە بوو، کۆمەلێکی زۆر لە خەڵکی بێ دەستەلاتیان لەناو چەند تەیارەدا کرد بە بۆمبێکی ئینسانیی، لە دژی کۆشکی سازمانی توجارەتی جیهانییا کە بە دوقلوو دەناسران لە واشینگتون بە کاریان هینا، وە ئەو کارەساتە بوو بە باعیسی ئەوەیکە جیا لەو چەند سەد نەفەرەی کە لە ناو ئەو دوودانە فرۆکەیە دابوون، سەرجەم ٣٠٠٠ ئینسان کە لە بەشێك تیمەکانی ئاورکۆژاندنەوە و ئیمدادرەسانی بوون کە لە هەموو شوێنیکی ئەو دونیایەدا خزمەت بەخەڵك دەکەن بوون بە قوربانیی رەفتاریکی دژی ئینسانیی و تێروریستی. ئەم کارە هیچ پاساوێکی سیاسیی، مەزهەبیی، ئیدئۆلۆژیك هەڵناگریت. ل٥

## سەدان هەزار بۆمبی هیشویی نەتەقیو ، ئەو میراتەی کە لە شەری ئیسرائیل و حیزبوللا بۆ خەلکی لوبنان بە جیٚماوە

بە پیی راپۆرتی گروپەکانی پۆچەل کردنەوەی مەوادی تەقەمەنی سەر بە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، نزیکەی ١ملیۆن بۆمبی هیشویی ومین تەقەمەنی دیکە لە شەری ٣٤ رۆژەی ئیسرائیل و حیزبوللا لە باشوری لۆبنان بە جی ماوە و بەردەوام هەرەشە لە گیانی خەلکی ئەو ولاتە دەکات.

کارناسان دەلێن :کۆ کردنەوەی بۆمبی هیشویی کە لە رۆژانی کۆتایی شەر لە باشوری لوبنان لە لایەن فرۆکە ئیسرائیلیەکانەوە بە سەر خەڵکی ئەم ناوچەدا رژاوە، ١٠ سال دەخایەنیت. بە ووتەی کوفی عەنان سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتۆەکان ئەرتەشی ئیسرائیل لە کاتێك دا بەمباران بە بومبی هێشویی پەرە پێ دا کە دەی زانی کە رۆژانی ئاخرش شەر بوو و دەی زانی بریارنامەیەك بۆ رێك کەوتن خەریکە گەلالە دەکرێ.

"کریس کلاراك" بەرپرسی ناوەندی پوچەل کردنەوەی مەوادی تەقەمەنی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەم بارەوە وتی: ل٧





## لوبنان دەمریت؟



من و هاوریانم گەلالەیەکمان بۆ ولاتەکەمان لوبنان لە مێشکمان دا دارشتوە کە ئەتوانێت بۆ ئیمە میلیونها و رەنگە میلیاردها داهاتی هەبیت، رەنگە ئەم بەرنامەی ئیمە لە سەرنجی یەکەم دا جیگای پێکەنین ویان وەك شێتی و خەون و خەیال بەرچاوکەوێت، بەلام من ئەم گەلالە بازرگانی سیاسی و هونەرمەندانە پیشنیاردەکەم. بەم شیوەیە کە ئیمە ولاتەکەمان "لوبنان" ئیجارە بدەین بە هەرکەسیك لەم جیهانەدا کە حەزی لەشەرە!

بۆ وینە ئەگەر موزامبیك بیهەوێت لەگەل دانمارك شەڕ بکات، ئەو کاتە ئەم دوولاتە ئەتوانن بۆ ماوەی سالێك یان زیاتر لوبنان بە ئیجارە بگرن. ئیمەش لە حالیکدا کە پارەی ئیجارە کەمان وەر گرتوە، لەم ماوەدا کە ئەوان خەریکی شەرن بچینە موزامبیك یان دانیمارك و لەو شوینە ژیان بەرینەسەر و رای بوێرین وکاتێك شەر کوتایی هات و ولاتەکەمان ویران بوو، لانی‌کەم ئیمە سەلامەتین و بە بێ رەنج و پەشیمانی بگەرینەوە بو ئەم وێرانە یە. ل٦

ئـەو جـار بەشـی لایەنـەکانی هاوکاریشی بـە ئەنـدازەی وەزنـی خۆیـان بـدات. رێبـەرانی رژیمـی ئیسلامی ئەم ململانیە نهێنیەیان باش ناسیوە و بناغەی سیاسەتی خۆیـان لـە سـەر کایـە کـردن لـە کـەلێن و کەلـە بـەری ئـەو ناکۆکیانەدا، دامەزراندووە. رژیمی ئیسلامی لە گەڵ درێژە پیێ دان بە گەمـەی دیپلوماسـی لـە گـەڵ ئوروپـا، پەیوەندیـەکانی ژێـر بـە ژێری خۆی لە گەڵ ئامریکا درێژە پـێ دەدات و ئامادەیـە بـە پیـێ رادەی ئیمتیازێـک کـە وەری دەگـرێ، کێشـەکەش بـەرەو لای ئامریکـادا بشـکێنێتەوە و کـورد وتـەنی: "لـە کوگـای گـەورە هـەرگ بە سەر خۆیدا بکات".

بۆ کۆماری ئیسلامی

لـە کێشـەی دیپلوماسـی و لـە پروپاگەنـدەی دەور و بـەری ئـەو ئەزمـە ئەتومیـەدا، وشـەیەکی سێحراوی هەیە کە میدیای رژیمی ئیسـلامی و سـەرانی رژیـم لـە وتـەکانیان دا هـەرگیز دانی پیێدا ناهێنن. ئەم وشەیە ئەمنیەت واتە ئاسایشـە. رژیمـی ئێـران لـە وتووێژەکانـدا دابـین بـوونی ئەمنیـەتی خـۆی بـە مـەرجێکی سەرەکی بۆ وازهێنان لە پرۆژەی پیتانـدنی ئورانیـوم دادەنـێ. بـە دڵنیاییەوە هەموو ئەو کاتە دوور و درێژانەی کە هەر دوو لایان لە سـەر مێـزی وتووێـژدا سـەرف دەکەن، بەشی هەرە زۆری بۆ مانا کردنەوەی ئەم وشەیە بە زمانی دیپلوماسی تەرخان دەکرێ.

کامانـەن ئـەم حاڵەتانـەی کـە تێیانـدا ئەمنیـەتی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەکەوێتـە مەترسـیەوە؟ یـەکیان دەتـوانێ پەلاماری ئامریکا و هاوپەیمانانی بـۆ سـەر ئێـران و رووخانـدنی رژیمی ئیسلامی لەم رێگەیەوە بێ. بـە کـورتی دووپـات بوونـەوەی سـیناریوی عێـراق. ئـەوی تریـان شۆرشی خەڵکی ئێران و راپەڕینی جەماوەرییـە. دیـارە رژیمـی ئیسـلامی بـۆ هـەر دووکـی ئـەم مەترسیانە زەمانـەتی لـە رۆژئـاوا دەوێ. کـەس نـەزانێ کۆمـاری ئیسـلامی دەزانـێ کـە پـەلاماری نیزامـی ئامریکـا بـۆ سـەر ئێـران ئەگەر بەرتەسك بێ، دەبێتە خێر و بەرەکـەت و بـە سـەر رژیـم دا دەڕژێ، هەم مەترسیەکانی لە ناو خۆی ئێران لە سەر کەم دەکاتەوە و هەم هاوکات دەیکات بە مەزڵووم و بە قارەمان لە ناو موسڵمانانی دونیـادا. پـەلاماری بـەربڵاو و روخێنـەری نیـزامیش بـەم گێروگرفتانـەی کـە ئەرتەشـی ئامریکا لە رژهەڵاتی ناوەراست دا دەسـت و پەنجـەی لـە گـەڵ نـەرم دەکات، ئەگەرێکی لاوازە و رژیمی ئیسلامی هێشتا مەیدانی مانوری دیپلوماتیکی بەرینی لە بەردەست ماوە و نیگەرانی ئەوە نیە کە کوت و پڕ بکێشرێتە ناو ئەم قۆناغەوە .

لە راستیدا گرینگترین لایـەنی باسـی ئەمنیـەت لـە گفتوگۆکانـدا دەگەرێتـەوە لـە سـەر مەترسـی شۆرش و راپەڕینی جەماوەری لە ئێران کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کـرا. کۆماری ئیسلامی کێشـەی دیپلوماتیکی خۆی لە پێناوی لە بار بردنی ئەو مەترسیەدا دەباتە پـێش. ئـەم چـەند نوکتەیـەی خـوارەوە ئـەم بۆچـوونە بـە باشـی دەسەلمێنن:

١- کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەوڵ دەدات رادەی سازشی خۆی لەگەڵ رۆژئاوا لە وتووێژەکاندا لە بیر و رای گشتی بشارێتەوە و هەر وەك لـەم رۆژانـەدا ئاشـکرا بـوو، نەهێنی مانەوەی رێکەوتنەکانی بە مەرجی سەرەکی دادەنێت. بۆچی؟ بـۆ ئـەوەی کـە جـەماوەری خـەڵك هەست بە لاوازی و بە پاشەکشەی رژیـم نەکـەن و فورسـەتی لـێ نەهێنن و گلۆڵەی نەخەنە لێژیەوە.

٢- لـە گـەڵ هـەر پاشەکشـەیەك وەلـەو نـەهێنیش بـووبێ لـە ناوەوەی ئێران بگیر و ببەندەکانی خۆی زیاد دەکات. رۆژنامـەکانی نیوە سەربەخۆ دادەخات. زەخت دەخاتـە سـەر خوێنـدکاران لـە زانکۆکـان. هەرەشـە لـە هەڵسوڕاوانی کرێکاری دەکات و ...

٣- هاوکات لـە گـەڵ ئەوەی کە بۆنی سازشێك لە وتووێژەکانیدا دێت، مانۆری نیزامی دەخاتە رێ و توانای شەق و شڕی تێکنۆلۆژی خۆی نیشان دەدات کە بێ گومان فەرمانـدەکانی ئەرتەشـی نـاتۆ گاڵتەیان پێ دێت. ئەوان هەم لە تەجروبەی ئەفغانستان و هەم لە تەجروبەی عێراق دا دیتوویانە کە ئەم جۆرە بە ناو موقاوەمەتە چەند بە ئاسانی دەتوانی تێك بشکێ و موشکلی سەرەکییان ئەزقەزا ئەو وەختـە بـۆ دەخـولقێ کـە ئـەو ئەرتەشە لە ناو چوبێ. هەر بۆیە ئێستاش ئامریکاییەکان بە چۆکی خۆیـان دا دەدەن کـە بۆچـی ئەرتەشـی عێراقیـان هەڵوەشاندەوە. کە وابێ ئەم جۆرە هێز نواندنەش لە مانۆرەکاندا هیچ شـتێك نیـە غـەیری نمایشـی دەسەڵات بەرانبەر بە خەڵك. ئەو خەڵکـەی کـە گـەورەترین مەترسییان بۆ سەر روخاندنی ئەو رژیمە خوڵقاندوە.

٤- زەمانـەتیان لـە رۆژئـاوا دەوێ کـە مـەبادا یارمـەتی ئوپوزیسـیون بـدەن. تبلیغـاتی بـەربڵاو لـە دژی رژیـم بخەنـە رێ، "شۆرشـی نارنجی" بەرپا بکەن و ...

بەم جۆرەیە کە ئەزمەی ئەتومی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەبێتـە ئـەو گـرێ کـوێرەی کـە هـەموو ناکۆکیـەکانی جیهـانی ئـەمرۆی تێدا ئەبیندرێـەوە. بـەڵام جیهـانی سەرمایەداری هەر وەکوو چۆن لە ئـابووری دا، لـە سیاسـەتیش دا جیهـانێکی پڕ لـە هـەرج و مەرجـە کە رێگای خۆی لە ناو جەرگـەی ئـەو تێکـە و لێکەیـەدا لـە ئەزمەیکـەوە بـۆ ئەزمەیـەکی‌تر دەدۆزێتەوە. بەڵام واقعیەت ئەوەیە هەر وەکوو چۆن لە ئابووریدا ناو بە ناو کونترۆڵیان لە دەست دەر دەچـێ، لـە سیاسـەتیش دا هـەر وایە. هەر دوو لا کۆمـەڵگای ئێران تـا لێـواری هەڵـدێر دەبـەن و لەوانەیـە نـەتوانن ئەگـەر تەنانـەت بیشیانهەوێ، کونترۆڵی کەن و ئەو ولاتـە بـەرەو کارەسـاتێك بـەرن. ئەگـەر جـەماوەری خـەڵك بەرانبـەر بـەم ململانیـە بـێ دەنـگ و بـێ تەفاوەت بن، دەبێ چاوەروانی هەر بەڵایـەکیش بن کـە بـە سـەریان دا دەبارێنن.

# فەرهەنگی دەسەلات دار و فەرهەنگی بەرگری ململانیێك لە مەیدانی فێرکردن و بارهێنان دا

### ئەو پەیامە رۆژی ١ی رەزبەر لە رادیوتلەویزیونی کۆمەڵە بلاو بـوو وە

لاوانـی خوشەویسـت! خـەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەمڕۆ رۆژی یەکی رەزبەرساڵی نوێ خوێندن لە ئێران دەستی پێ کرد. بەم بۆنەوە پیروزبایی تان لێ دەکـەین و ئـاواتی سـاڵێکی خوێنـدنی پـڕ لـە سـەرکەوتن و بەرەو پێش چوونی زۆرترتان بۆ دەخوازین.هیوادارین بە هەول و تێکوشـانی خۆتـان ئـەو کەنـد و کۆسپانەی کە رژیمی ئیسلامی و سیستمی ئاموزشیەکەی لە سەر رێگای فێرکردن و بارهێنانی ئەو ولاتە دایناوە تێپەر کەن و ئیجازە نـەدەن ئـەو فورسـەتانەی کـە بـە خـەبات و بـە موقاوەمـەتی خۆتـان بەدەست هاتون و بەدەست دێن لە دەست بچن.

هەلبـەت گومـان لـەوە دا نیە کە لە ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی دا بۆ نەسڵی جەوان و تینوی فێر بـوون هـەرگیز فورسـەتی ئـەوە نەبووە تا لە کش و هەوایەکی بێ نیگـەرانی و دڵـە راوکـێ دا ئیستعدادەکانی خۆی گەشە پـێ بـدات و بـە خـەیاڵی ئاسـودە خـەریکی فێربـوونی زانسـتی سـەردەم و دارشـتنی بناغـەی ئاواتەکانی دوارۆژی خۆی بێت.

کـەم کـەس هەیـە لـە دانـیش ئـاموز و دانیشجۆوە بگرە هـەتا موعـەلیم و ئوسـتادی دانشـگا، ئەمرۆکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەو رژیمەدا هەست بەو حەقیقەتە نەکات کە بەشێك لە باشترین و بە کەڵك ترین ساڵەکانی تەمەنی لە ژێر کاریگەری نیزامی ئاموزشی جمهـوری ئیسـلامی دا، بـە فێـرۆ دەچێ.

سـەرەرای هـەموو ئەوانـە، ئـەو راسـتیەی کـە موحیتـەکانی خوێنـدن لـە مەدرەسـە و راهنمایی و دەبیرسـتانەوە هـەتا دانشـگا بۆ ئەو جەماوەرە ٢٠ میلیونیە قابیلی تەحـەمول دەکـات، فەرهـەنگی سەردانەنەواندن و موقاوەمەتە. هەر ئەو موقاوەمەتەش بۆتـە هۆی ئەوە کـە شـوور و شـەوق لـە خوێندنگاکانمانـدا نـەمرێ و ئـەو رژیمـە لـە زۆر بـواری فێـر کـردن و بارهێنانـدا ناچـار لـە پاشەکشـە کردن بێ.

جیابوونـەوەی مەزهـەب لـە فێرکـردن و بارهێنـان و رێگـە دان بەوەی کە منالان و نەوجەوانانمان ئازادانە فێری زانستی سەردەم بن و بیر و باوەریـان ئازادانـە شـکڵ بگـرێ و خۆیـان رێگـای دوارۆژی ژیانیـان بـە سەربەسـتی دیـاری بکەن، ئەو سەرەتایەیە کە رژیمی ئیسلامی لە بەرانبەریدا موقاوەمەت دەکـات و هـەر ئـەو موقاوەمەتـەش بەرانبـەر بـە گەشـەی واقێعـی و چـارەهەڵنەگری کۆمەڵایـەتی و ئـابووری، ئـەو رژیمـە هـەر رۆژە توشـی تـەناقوزاتێکی تـازەتر دەکـات. دەبیـنین کـە تەقـەلاکانی بەرانبـەر بـە رەوتـی زینـدوو و روو لە پێشی ژیان بێ سەمەرە.

لە راستی دا هەرچی زانست و بـیری پێشـکەوتن خوازانـە کـە خوێندکارانی ئێمە سەرەرای زاڵ بوونی هێزی کۆنەپەرەست بە سەر دەسـەلاتی سیاسـی دا، ئەمرۆکـە فێـری دەبـن هـەمووی هـەر بـە موقاوەمەت لە بەرانبەر سیاسەت و نـەریتی رژیمـی ئیسـلامی دا بـە دەست هاتووە.

بـەڵام دەردی سیسـتەمی فێـر کـردن و بارهێنـان لـە ئێرانـی ئـەمرۆدا هـەر ئەوەنـدە نیـە. لـە ولاتێـك دا کـە هـەموو سـاڵێك میلیاردها دولار سەرف ئەرتەش و سـوپا و هیزەکـانی ئیتلاعـاتی دەکـرێ و ئـەو ولاتـە لـە سـەر دەریایەك لە سەروەتی سروشتی خـەوتوە، فـەزای ئاموزشی تێیدا بەرتەنگـە و ژمـارەی مەدرەسـە و کـەلاس و موعـەلیمی تەناسوبیان لەگـەڵ جەمعیـەت و ژمـارەی خوێنـدکارانی نییـە. سـەرباقی ئـەوەی کـە زیـاتر لـە نیـوەی مەدرەسـەکان دوو شـیفتەن، کەلاسەکانیش هەر پڕن. بەم جۆرە نـە خوێنـدکار دەتـوانێ هـەڵس وکەوتی ئاسودە بێ و نە موعەلیم دەتوانێ پێیان رابگات.

فێـر کـردن و بارهێنـانی سـەرکەوتوو بـە بـێ ئازمایشگا و کارگـا و بـە بـێ کـاری عەمـەلی مومکین نیە. ئەو ئیمکاناتەش لە مەدرەسەکانی وڵاتی ئێمە دا یان هـەر نـین یـان ئەگـەر هـەن زۆر سـەرەتایی و دواکـەوتوون. خوێندکاری ئـەم وڵاتـە مـەجالی ئـەوەی نیـە کـە بزانـی پێوەنـدی نێـوان ئـەو دەرسـانەی کـە دەیخوێنێ لەگـەڵ ژیـانی واقێعـی چییە. هـەر بۆیـە دوای ماوەیـەك وەکـوو کۆمـەڵێك مـەحفوزات هەمووی لەبیر دەچێتەوە.

ژمارەی موعـەلیم و ئوستاد بە نیسـبەت ژمـارەی خوێنـدکار زۆر کەمـە و رۆژ لەگـەڵ رۆژ کـەمتریش دەبێتـەوە. سەرچاوەکانی ئاماری رژیم خۆیان دەڵێن کە ئیمساڵ ٣٥ هەزار فەرهەنگی خانەنشین بوون کە چی تـەنیا ١٧ هـەزار موعـەلیم ئیسـتخدام کـراون. زیـاتر لـە ٥٠ هەزار موعەلیمی حەقولتەدریسـی هەموو هـەوڵ و تـەقالایان ئەوەیـە کە ببن بە ئیستخدامی رەسمی، بەو حاڵەشەوە کە وەزعی دەزگای فێرکـردن و بارهێنـان هەیـەتی، ئیستخدامیان ناکەن.

موعـەلیمێك کـە بـە حقـوقی رەسمـی ژیـانی خـۆی و خانەوادەکـەی بـۆ دابـین نـابێ و ناچـار دەبـێ کـە لـە هـەوڵی دۆزینەوەی شوغڵی دووهەم دا بێ لـە کـوێ توانـا و حـال و حەوسەلەیەکی وای بۆ دەمێنێتەوە کە لە سەر کەلاسی دەرس ئەرکی فێرکردنی خوێنـدکاران بە باشـی بەرێوە بەرێ؟

جیاکردنـەوەی منـاڵانی کـوڕ و کـچ لـە یـەکتر و رێگـا نـەدان بـە پـەروەردە بـوون لـە سـەر بنـەمای ژیانی ئاسایی و سروشتی ، رێگە نـەدان بە شکڵ گرتنی پەیوەنـدی یەکی ئینسانی لە نێوانیان دا هەر لـە سـەرەتای منالیـەوە، ئـەو دوو رەگـەزە لە یـەکتر نامۆ دەکات کە ئـەوە خـۆی بـە دەیـان دەردی کۆمەڵایەتی و دەرونی بە دواوەیە.

ئازیزان!

چارەسـەر کردنـی ئـەو وەزعـە دژوار و نالـەبارە تـەنیا بـە هیـزی خۆمان و هەول و کۆششی خۆمان دەکـرێ. نـە رژیمـی ئیسـلامی بـە مـەیل و رەزای خـۆی واز لـە سسـتیمی کۆنەپەرەسـتانەی فێرکـردن و بارهێنـان دێـنێ و نـە ئەولەوییـەکانی خۆی بە قازانجی ئەکسـەریەتی لاوان و خـەلکی ئـەو ولاتـە دەگـورێ وە نـە هێزیکـی نەجات بـەخش لە دەرەوەی ئیرادە و خـەباتی خۆشمـان هەیـە کـە سـەرکەوتنێکی ئاسـانمان



پێشکەش کات. کە وایە پیویستە قۆلی هیمەتی لێ هەلمالین و رێگا نـەدەین بـۆاری فێرکـردن و بارهێنـانی ئـەو ولاتـە ببێتـە مەیدانی رمبازێنی ئاخوندەکانی کەللە وشك. هـەر لـە سـەرەتای هاتنـە سـەرکاریانەوە بـە نـاوی شورشی فەرهەنگیـەوە هیرشـیان کردە سەر دانیشگاکان کوشت و بڕیـان خسـتە رێ و دەرگایـان داخست. سالەکانی دواتر لە ژێر ناوی پەیوەندی حەوزە و دانیشگا دا هـەولیان دانیشـگاکانی ئـیران بکەنە پاشکۆی حەوزە کانی قو و مەشـهد و نەجـەف ، حـەوت خوانیـان لـە سـەر رێگـای هـاتنی لاوانی بە ئیستعداد و بە توانا بۆ دانیشـگاکانیان دامەزرانـد و رێگـەیان لـێ گـرتن ، دانیشگاکانیان پڕ کرد لە پاسدار و بەسـیجی و دەسـت و پیوەنـدەکانی خۆیـان و دەیـان پیلانیـان بـۆ دوور خسـتنەوەی ئوسـتاد و مـوعلیمی بـە توانـا و دلسـۆز لـە مـوحیتی دانیشـگا و زانست دارشت ، بەلام هیچ کام لـەو پرۆژانـە بـۆ ماوەیـەکی کـەم نـەبێ دەوامیـان نـەبوو و رژیمـی ئیسلامی بەرانبەر بە رەوتی رو لە پیشی ژیان ناچار لە لە پاشەکشە بـوو. تـەرحی بەسـیجی دانـیش ئـاموزی و تەبـدیلی کردنـی خوێنـدنگاکانمان بـە ناوەنـدی پـەروەردە کردنـی کـادر بـۆ پاراستنی رژیم هـەموی شکستی خوارد. هـەموی ئـەو تەجروبەیە ئەوەمان پێ دەلێ کە ئەمرۆکـەش لـە و مـاملانیێ دا ئیمکـانی بـەرەو پیش چونی زوتر و زورتر بۆ ئیمە هەیـە، تـا کاتێـك کـە بـە خـەبات و راپـەرینی خـەلکی کرێکـار و زەحمـەتکیش و ئـازادیخواز لـە ئیران بە یەکجاری لە دەست ئەو رژیمـە رزگارمـان دەبـێ. ئـەوە خـەبات و موقاوەمەتێکـە کـە دەتـوانێ رۆژانـە و لـە دەیـان سـەنگەری جوراوجـور دا بـەرێوە بچـێ. هـەر دەسـکەوتێکی بـە روالـەت بچـوکیش کـە بـەرەی عەدالـەت و ۆانسـت و پیشـکەوتن بـە هێزتر بکات بایـەخی خـۆی هەیە و دەتوانێ ژیانی ئەو رۆمان ئاسودە تر و ریگای سـەرکەوتنی یـەکجاریمان بـۆ هـەموارتر بکـات. بەلام ئەوە خەباتێکە کە پیویستە بـە ریکخـراوی و بـە رێـك و پێکـی بـەرێوە بچـێ. لـە پینـاوی بـەرەو پیش بردنی وەها رێبازێك دایە کە ئیمە دەلیین :

_ ئاموزشی مەزهەبی لە هەموو بوارەکـانی خوێنـدن وەلا بنـرێ و فێرکردن و بارهێنان بە تەواوی لە مەزهـەب جیـا بـێ. بـەو پێیـە نـاوەرۆکی هـەموو کتێـب و سەرچاوە دەرسیەکان سەر لە نوێ بنوسرێنەوە.

_ بەریەوەچـونی هـەر چەشـنە رێ و رەسمێکـی مەزهـەبی لـە مەدرەسەکان کۆتایی پێ بێ.

_ لاوانی ئێران دەبێ لە ئازادی بـێ قەیـد و شـەرتی پێکهێنـانی رێکخـراوەی پیشـەیی خۆیـان بەهرەمەند بن .

_ دەزگاکـانی بەسـیج گـیری و جاسوسـی و حەراسـەت و لێکۆڵینـەوەی بیروبـاوەڕ لـە خوێندنگاکان لە هەمووئاستێکدا کۆ بکرێنەوە..

هەمو کەس بە بێ جیاوازی لە ماف و ئیمکانی دەرس خوێندن بە تەواوی و لە هەموو ئاستێك دا، بە خۆرایی بەهرەمەندبێ.

_ سیاسـەتی جیاکردنـەوەی کچان و کوران هـەر لـە خوێنـدنی سـەرەتاییەوە هـەتا خوێنـدنی بالاً هەڵوەشـێتەوە و ئینسـانەکان هەموو تێکەلاو و بە بێ جیاوازی شان بە شانی یەکتر پەروەردە بن.

_ حیجـابی زۆرە ملـێ تـووڕ هەڵبـدرێ و هـەموو داب و نـەریتێکی دواکەوتووانـە کـە لـە سەر پەیوەندی ئازادانەی کچان و کـوڕانی هاوتمـەن داسـەپاوە لـە خوێندنگاکان بسڕێتەوە.

_ خوێنـدن و نوسین بە زمـانی دایکی و لەوانە بە زمانی کوردی ، لـە مەدرەسـەکان ئـازاد بـێ و ئیمکانـاتی پێویسـتی بـۆ تـەرخان بکرێ.

_ خوێنـدنگاکان بـە ئـامرازی نوێ و پێشکەوتوو بۆ فێرکردن و بارهێنانی عەمەلی تەیار بکرێ.

_ حقـوقی کـاڤ و ئیمکانـاتی پێویسـت بـۆ ئاسـوودەیی لـەش و فیکری موعەلیمان دابین بکرێ بۆ ئـەوەی بتـوانن ئەرکـەکانی خۆیـان بە باشی بەرێوە بەرن.

لاوانـی کوردسـتان کـە هـەرگیز سـەریان بـۆ حکومـەتی ئیسـلامی دانەنەواندووە و بە قیمـەتی گـەلێك قوربـانی دان سـەربەرزانە ژیـاون، ئەمرۆکـەش پێویسـتە بـە چـاوی کـراوەو وریـای پیلانـەکانی رژیـم بن. بە تایبـەت سیاسـەتی رژیم بۆ بڵاو کردنـەوەی مـەوادی موخـەدێر لـە نـاو لاوانـدا بـە ووشـیاریەوە هاودەنگ لـە گـەل بنەمالـەکانیان ، پوچـەڵ کەنـەوە و خۆیـان و هەوالانیان لەو مەترسیە بپارێزن.

ئازیزان ! کومەلە خۆی رێرەوی هـەتا سـەری ئـەم رێبازەیـە و لـە هـەوو بوارەکانـدا و لـەو خەباتـە دا خـۆی بـە پشـتیوان و هاوبەرژەوەنـدی ئیـوە دەزانـێ. خـەبات و موقاوەمـەتی ئیـوە لـە پینـاوی ئـەو مافـە سـەرەتاییانە خەباتی کۆمەلەیە.

جـارێکی دیکـە سـالی نـوێی خویندنتان لێ پیرۆز بێ و لە ژیان و لە خەباتتان دا سەرکەوتوو بن.

دەورەی دووهەم | ژمارە ٢٢٤ | نیمەی ئەوەلی رەزبەری ١٣٨٥ | سیپتامبری ٢٠٠٦

پێشڕەو

# دامەزرانی دەسەڵاتی جەماوەر، لە ڕێگای شوراکانی هەڵبژاردەوە، لە کوردستانی رزگار کراودا، ئەو سیستمەیە کە توانایيەکانی کۆمەڵگای کوردستانی گەشە پێ دەدات

## وتووێژی گۆڤاری جیهانی ئێمروز لەگەڵ هاوری سەلاح مازوجی سەبارەت بە باسەکانی کونگرەی ١٢ی کۆمەڵە (بەشی ١)

**پرسیار: کۆنگرەی دوازدەی کۆمەڵە بەڕێوە چوو، ڕاگەیاندنی کۆتایی پێهاتنەکەی بڵاو بۆوە لێرەدابەر لەوەی پرسیارەکانمان کۆنکرێت تەرح بکەین، دەمانهەوێ بزانین کە جێ‌و شوێنی ئەو کۆنگرەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

هاوری سەلاحی مازووجی: بەپێی مەوازینی تەشکیلاتی و ئەساسنامەی حیزبی، کۆنگرەی کۆمەلە دەبی هەر دوسال جاریك بانگەوازی بۆ بدرێت. ئەو کۆنگرەیە بۆ ئیجراو بردنە پیشی ئەو مەوازینە ئەساسنامەییە بانگەوازی بۆکرا و بەڕێوە چوو. کۆنگرەی دوازدە، کۆنگرەیەکی روتین بوو.

ئەو باسانەی کە لەو کۆنگرەیەدا مەترەح کران، لە لێکدانەوەی هەل ومەرجی جیهانی و لێکدانەوەی کێشمەکێشێك کە لەسەر دووبارە تەعریف کردنەوەی هەڵس و کەوتی و نەتەوەیی جەمسەرە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری ئەم سەردەمە لە ئارا دایە، هەتا بارودوخی رۆژ هەلاتی ناوەڕاست، لێ کۆلینەوەی هەل و مەرجی خەباتی چینایەتی و بارودۆخی سیاسی لە ئێران و بەشێوەیەکی تایبەتی‌تر لە کوردستان و بۆچوونە سیاسی و تاکتیکییەکانی ئێمە، گشتیان لە درێژە و لە جەهەت وردتر کردنەوە و کونکریت کردنی هەرچی زیاتری سیاسەتەکان و هەلۆێستەکانی تا ئێستای کۆمەڵە بوو.

هەموو باسەکانی کۆنگەرە بابەتی بوون هەر باسێك کە لە کۆنگرەدا مەترەح دەکرا، لە لێکدانەوەی هەل و مەرجی جیهانی‌یەوە بگرە هەتا شی‌کردنەوەی مەنتێقی نیزامیگەریی و مێلیتاریسمی ئێمپریالیستی ئەمریکا، هەتا جێ‌و شوێنی رۆژهەلاتی ناوەراست لە کێشمەکێشی هێزەکانی ناوچەکە و هێزە ئیمپریالیستی‌یەکان، گشت و ئەو باسانە هەتا بەدەستەوەدانی ئاکام و نەتیجەیەکی سیاسی و تاکتیکی دەچوونە پێش. کاریگەری سیاسەت و ستراتێژیی ئەمریکا بەسەر ئۆپۆزیسونی بورژوازیی ئێران و ناسیۆنالیستی کورد لە ئیران و ناوچەکە تاوتوی کرا و ئاکام و دەرەنجامە زیانبارەکانی لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئیران و کوردستان بەوردی و بە دیقەت درایە بەرباس و تاوتوێکردن و لەنێو دلی ئەو بارودۆخانەدا، بنەماکانی سیاسەتی عەمەلی و تاکتێکی کۆمەڵە و حەڕەکەتی سۆسیالیستی بۆ بەرەورو بونەوە لەگەڵ ئاکام و دەرنجامە زیانبارەکانی ئەو سیاسەتانە و تەزمینکردنی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە.

باسەکانی مەربوت بە بارودوخی سیاسی و لێکدانەوەی هەل و مەرجی خەباتی چینایەتیی لە ئیران و جێ‌و شوێنی بزووتنەوەی کرێکاریی و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانیش هەر بەم رەواڵە چووەپێشی و هەوڵ درا هەتا خاڵە سەرەکی‌یەکانی سیاسەت و تاکتیکەکانی حەرەکەتی سوسیالیستی لە جەهەت ستراتێژی ئینقلابی کرێکاریی بەروونی بەیان بکرێت. هەل و مەرجی تایبەت بە کوردستان بە تایبەت لەژێر تیشکی ئەو باسانەدا کەوتە بەر لێکۆڵینەوە و ئەو لەویتەکانی کۆمەڵە دیاری کران.

**پرسیار: ئەگەر دەکری سەبارەت بە تەوەرە سەرەکی‌یەکانی باسەکانی کۆنگرە زیاتر تەوزیح بدەن.**

وەلام: باسەکانی کونگرە بە دەرەجەی یەکەم چووە سەر تەوەرەسەرەکی‌یەکان راپورتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کومەلە بە کۆنگرە. یەکێك لەوانە، باسی ئەوزاعی جیهانی بوو. ئەو باسە لە واقعییەتە عەینی و سادەوە دەست پێدەکات کە گەشەی قازانجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و شۆرشیکی عەزیم کە لە ئیرتباتات وگواستنەوەی زانیارییەکان و تێکنۆلۆژی دا رووی داوە، وەها بوارە فەننی و عەمەلی‌یەکانی بەرهەمهێنانی لەرادەبەدەری پێویستی‌یەکانی ئیسانی ئەم سەردەمەی لە هەموو شوێنەکانی جیهانیان رەخساندوە کە هەتاکۆ ئێستا وێنەی نەبووە. بەلام ئەو بەرەو پێشچوونانە لەژێر دەسەتەڵاتی نیزامی سەرمایەداریی، لەباتی ئەوەیکە لە سەعاتی کاری کەمتر، ریفاه وئاسودەیی زیاتری جەماوەری بەرهەمهێنەراندا رەنگ بداتەوە، پەرەگرتن بێکاری لی کەوتوتەوە. و چونکە لە ئاکام دا سەرچاوەی قازانج، کاری کرێکارە، ئەو وەزعییەتە کەمبوونەوەی نرخی قازانجی بەدواوە بووە و حاسڵەکەشی،درێژەی قەیرانە دەورەییەکانە کە هەر جارە و بەتوندتر و بە گوشارێکی زیاترەوە سەرهەڵدەدەنەوە و وێرانییەکانیشی بەشێوازێکی کارەساتبارتر بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش و بەتایبەت کرێکاران و زەحمەتکیشانی وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداریدا دەڕوخێت. راپورتی سیاسیی هەر لەم پێوەندەدا ئاماژەی بە بوارە عەینی‌یەکانی گەشەی خەباتی کرێکاریی و واوەتر چوونی ئەو خەباتانە لە چوارچێوەی ئیتتحادییەکانی مەوجود و بەرەوڕووبوونەوەی ئاشکراتر لەگەڵ سەرمایەداری کرد و لەسەر خەبات بۆ سۆسیالیسم وەکوو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بو رزگاریی لە بەربەرییەتی نیزامی سەرمایەداریی تەئکیدی کرد.




کێشمەکیشی جەمسەرە ئیمپریالیستی‌یەکان و هەوڵی ئەمریکا بۆ وەدەستهێنانی هێژمونی بەسەر جیهان، بەشێکی‌تری ئەو باسەبوو. بە کۆتایی‌هاتنی شەری سارد، ئەمریکا تەواوی هەولی خۆی خستەگەڕ هەتا پیوەندە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆی بگونجێنی بە ئارەزووی خۆی یان پێبدات. هەوڵەکانی ئەمریکا لەسەر ئەو تەسەورە دامەزرابوو کە بە بی هەلوەشانەوەی شۆڕەوەی ولەسەردەمی جیهانگیریی سەرمایەدا، ئەوە تەنیا ئەمریکایە کەبە پشت بەستن بەهێزی نیزامی دەتوانێ رێبەریی خۆی بەسەر زلهێزەکانی جیهان لەدوای شەڕی سارد، بسەپینیت. شەڕی رامالینی عیراق لە کوەیت و بەدوای رووداوی ١١ی سێپتامبر، لەشکرکێشی بۆ ئەفغانستان و عیراق و داگیرکردنی ئەو وڵاتانە، شەڕ لە باڵکان، ئەمانە هەمووی چەندبەشێك لە هەوڵەکانی ئەمرێکا بوون بۆ دابینکردنی رێبەریی خۆی بەسەر جیهاندا.

بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا لەمەیدانی رەقابەتی ئابووریدا لە رەقیبەکانی وەدوا کەوتبوو و جێگا و شوێنی ئابوورییەکەشی لەگەڵ هێزە نیزامی‌یە بێوێنەکەیدا نەدەهاتەوە، نەتەنیا نەیتوانی لەرێگای پیشاندانی قودرەتی نیزامییەکەیەوە، رەقیبەکانی وەك، ئۆروپای یەکگرتوو، ژاپۆن، چین و روسییە بکێشێتە ژێر رێبەریی خۆی، بەڵکوو خۆی بووە هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگرتوویی لەو ناوچانەی کە بە دەستێوەردان و دەخالەتی نیزامی داگیری کردبوون.

لە وەها بارودۆخیکدا لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ عیراق و داگیرکردنی ئەو وڵاتە کە ئەساسەن بو باشترکردنی جێ‌و شوێنی خۆی لە نێو بلۆکە ئێمپریالیستی‌یەکانی رەقیبی دا، ئەنجام درا وە لەدوای شەڕی کەنداو و ئەفغانستان، ئەوپەری توانای نیزامیی ئەمریکای پیشاندا، نەتەنیا سەقامگرتوویی و هێمنی بەدواوە نەبوو، بەڵکوو ئەو وڵاتەی بردۆتەنێو ترس و خۆف شەرێکی تەواوعەیاری ناو خۆوە.

شەرێك کە دەسەلاتدارانی ئەمریکا و رەهبەرانی حکومەتی بەغدا کەم و زۆر دانی پێدا دەنێن. خەڵکی ستەمدیتووی عیراق خەرێکە لە نێو دەستی ماشینی چەنگی ئەمریکا وتێرۆریسمی کوێری رەوتی ئێرتجاعی ئیسلامیدا تێدا دەچن.

لە بەغدا بەهۆی و بڵێسەسەندنی ئاوری شەڕی مەزهەبی، رەوتی عەمەلیی تەجزییەبوون بە دووبەشی شیعەنشین و سوننەنشین، دەستی پێ‌کردووە. لەژێر سێبەری دەستەڵاتدارییەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی‌دا، نەتەنیا نیشانەیەك لە ئاسایش و ئەمنییەت نیە، بەڵکوو زورینەی خەڵکی ئەو وڵاتە لە نەبوونی سەرەتایی‌ترین خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو، بەرق و بێهداشت دا لە عەزاب دان وئەو وڵاتە بۆ تە باتلاقێك بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە و هێزە داگیرکەرەکانی. ئێستا شیرازەی کۆمەڵگای عیراق لێك بلاوبووە، وە ئەو بارودۆخە قەیراناوییە هیچ لەوە ناچێ کە هێور بێتەوە.

لە ئەفغانستان لەسەر بواری نەفرەتی گشتیی لە هێزە داگیرکەرەکان و حکومەتی دەستنیشانکراوی ئەمریکایی و لە نەبوونی ئاڵترناتیوێکی رادیکاڵ و شۆڕشگێر، رەوتی کۆنەپەرەستی تالێبان سەرلەنوێ سەری بەرز کردۆتەوە.

ئاڵ و گۆڕەکانی دەیە ونیوی رابردوو نەتەنیا بێ‌پایە بوونی ئەو بیروکەیەی کە گۆیا لە جیهانی یەکجەمسەریی دوای شەڕی سارد وێرای گلۆبالیزاسیۆنی ئابووریی بە سەرکردەیی و دەخالەتی ئەمریکا. نیزامی سیاسی دیموکرات لە جۆری لیبراڵی‌یەکەی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دا دادەمەزرێت، دەرخست، بەڵکوو ئاکام و دەرنجامە وێرانکەرە کۆمەڵایەتی وئابوورییەکانی سیستمی ئابووریی نێئولیبرالی بازاڕی ئازاد چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگای لەسەراسەری جیهان لەگەڵ بەرە و رووکردۆەتەوە.

بەشێکی‌تری ئەو راپورتە باسی پەرە سەندنی فەقرو بێ‌مافی لەولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست و باکووری ئەفریقا و چەند بەشێك لە ئاسیای ژێرڒ دەستەلاتی نیزامە سەرمایەداری‌یەکان و رژیمە دیکتاتورەکان و لەلایەکی‌تر چارەسەرنەبوونی مەسەلەی فەلەستین دەکات کە بەهۆیەوە خەڵکێکی ستەمدیتوو و حەقخواز، بەتوندترین و بێڕەحمانەترین شێوە سەرکوت و لەماف سروشتی ژیان لە سەرزەوییەکانی خویان بێبەش دەکرین کە گشت ئەمانە لە نەبوونی ئالترناتیوێکی پیشرەو و رادیکاڵ، بواری بۆ گەشەی رەوتە ئێرتجاعی‌یە ئیسلامییەکان رەخساندووە و بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو ناوچەیەی لەدەوری ئالای ئیسلامی سیاسی لە بالە جوراوجورەکانی کۆکردۆتەوە. ئەو حەرەکەتە کە ئالای ئێعترازیکی ئیرتجاعیی لەدژی دەستەلاتی ئەمرێکا و مۆدێرنیسمی رۆژئاوایی‌دا بەرز کردۆتەوە، هاوکات دوژمنی سەرسەختی کۆمۆنیسم، بەرابەریی ژن و پیاو و هەر جۆرە مافێکی دێموکرتیك لەو وڵاتانەیە و هەڵبەت ئەویش هیچ رێگا چارەیەکی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی پرمەینەتی خەڵکی ئەو ناوچەیە پێ نیە.

بەشی کۆتایی باسی ئەوزاعی جیهانی، ئاماژە بە گرفتەکانی ستراتیژی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست و هەروەها شەڕی ئیسرائیل لەدژی فەلەستین و لۆبنان دەکات.

یەکێکی‌تر لە تەورەکانی باسی کۆنگرە، باسی ئەوزاعی سیاسی ئیران بوو.

لەو باسەدا لەسەر پاوان کردنی هەنگاو بە هەنگاوی دەسەلات لەدەست سپای پاسداران تەئکید کرا. لەو باسەدا وێرای ئاماژە بەو دەورە کەم تازۆرە جیاوازانەی کە رژیمی ئیسلامیی لەلایەنی ئارایشی ناوخۆ تێپەری کردووە، پیشان دەدات کە لە هیچ کام لەو دەورانەدا، باڵە جۆراوجۆرەکانی بازنەی دەستەلات نەیانتوانیوە خۆیان وەکوو حیزبێکی سیاسی جێگە وتوو رێك بخەن. بەڵام سپای پاسداران کە سەرەتای پێکهاتنیەوە بەشێوەی حیزبێکی خۆ رێك خستبو و لەسەروەی شەردا خارابوو. ئەو زەرفیەتتەی لە خۆی‌دا پێك هێنا وە لە کاتی پیویست دا هەر بۆشایەك لەدەسەلات دا پێك بێ، پری بکاتەوە. هەر ئەم تەشکیلاتە بوو کە لە "هەڵبژاردنەکان"ی ساڵی رابردوو، ئەحمەدی بردە هێنایە پێشی و بواری بەدەستەلاتگەیشتنی ئەوی رەخساند.

هەر لەم باسەدا بە تیروتەسەلی باسی، وەزعییەتی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی، جێ‌و شوێنی قەیرانی ناڤکی لە ستراتێژی مانەوەی کۆماری ئیسلامیی و جیگاو شوینی بەشە جوراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیون، درایە بەر باس و لێکۆلینەوە.

لە باسی ئەوزاعی سیاسی کوردستانی ئێران، وێرای پێشکەشکردنی راپورتێکی عەینی لەبارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و هەروەها شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات یان لەدژی رژیمی کۆماری ئیسلامی، ئاماژە بە دەرنجامە زیانبارەکانی ستراتیژو وسیاسەتی حیزب ورەوتە بۆرژوا ناسیۆناڵیستەکانی کورد، لە حیزبی دیموکراتەوە بگرە تا سازمانی زەحمەتکشان بەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان کراوە. لە ماوەی ئەم سێ‌ساڵەی دوایی و بە فەعالتربوونەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە کوردستانی ئیران بەهیوای دەست تی وەردانی ئەمریکا لە ئێران بۆ وەدەستهێنانی جێگا وشوینێك بۆ خۆیان تێدەکوشن ویان لە باشترین حالەتیدا بەئامانجی وەدەستهێنانی ئیمتیازاتێك لە بواری مەسەلەی نەتەوایەتیدا، لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە رێك بکەون. کۆمەڵە زیانبار بوونی ئەو سیاسەتانەبۆ بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان شێلگیرانە روون دەکاتەوە.

وەها سیاسەتێك هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە بنەماکەی لەسەر تەوەهومات وخۆشباوەرییە سوننەتی‌یەکانی ئەو هیزانە دامەزراوە، بە هۆی ئەوەی کە حاڵەتی چاوەڕوانی لە کۆمەڵگادا پەرە پێ دەدات وخەڵك لە خەباتێکی راستەوخۆ کەبە هیزی خۆیان دەتوانن بەرەو پێشی ببەن دور دخاتەوە، سیاسەتێکی رووخێنەر لە کۆمەڵگای کوردستانە.

چاوگێرانەوەیەکی تازە بەسەر "چ دەبێ بکەین"ە کانمان لە کوردستان لە بوارەکانی چالاکی نهێنی،کاری عەلەنی و قانونی، خەباتی چەکدارانە و خاڵە سەرەکی‌یەکانی سیاسەتەکانمان بەرانبەر بە رێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان لەباسە گرینگەکانی کۆنگرە بوون کە پێویستە لە هەل و مەجالەکانی‌تردا بە تێروتەسەل باسیان لێوە بکەین.

باسی ئاسۆی سەرکەوتن لە کوردستان لە دوایین بەشی راپورتی کومیتەی ناوەندی بەکونگرە بوو. لەسەر هێڵە سەرەکی‌یەکانی ستراتیژمان یانی سازماندانی بزووتنەوەیەکی ئیعتیرازیی، پێکهێنانی رێکخراوە کرێکاریی و جەماوەرییەکان، هان دان پەرە پێدانی، مەیدانەکانی کاری عەلەنی و قانونیی، پاراستنی زەرفییەت وتوانای هیزی چەکدار، خستنە پەراوێزی سیاسەت و شێوازەکانی لیبراڵیی و ستراتێژی ناسیۆنالیستی لە و پتەوتر کردنی جێگاوشوینی کۆمەڵە وەکوو رەوتێکی کۆمۆنیستی لە خەبات بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی،

جەخت کراوە. کۆنگرە لەو بەشە لە باسەکانیدا هەروەها لەسەر گرنگی و پێویستی ئامادەکردنی و بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ دەستەڵاتی شورشگێرانە لە کوردستان ئازادکراو تەئکیدی کرد، هەتا لەکاتی خویدا وەها بەرنامەیەك ئەو بە تەئیدی شوڕای نوێنەرانی سەرانسەری خەڵکی کوردستان بگەینیت و دەست بە جێ بینیتە قۆناغی ئیجرا.

پێکهاتەی دەستەڵاتی شۆرشگێرانە لە کوردستانێك کە لە چنگ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی ئازاد بووە، لە سەر بنەمای دەسەڵاتی شورایی،هەڵچنینی دام ودەزگای بۆڕۆکراسی کۆماری ئیسلامی و نەمان و هەڵچنینی ئۆرگانەکانی ئەرتەشی و باقی هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی لەکوردستان دادەمەزرێت. تەواوی ماف و ئازادییە سیاسیی وکۆمەڵایەتی‌یەکان، داخوازییە رفاهی و فەرهەنگی‌یەکان دەگەڵ مادده و پەسەندکراوەکانی یاسای کارێکی شورشگێرانەی راشکاوانە لە بەرنامەی لانیکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە کوردستانی ئازاد کراو بە کردەوە دەردێت.

**پرسیار: کۆنگرە لە بارودۆخێکدا لە ئارا دا بوو کە شەڕی ئیسرائیل لە دژی لۆبنان لەئارا دابوو وە ئەم شەرە بەرینایی قووڵایی‌یەکی زیاتری بە قەیرانی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەخشی، نەزەر و رای کۆنگرە لەو بارەیەوە چ بوو وە ئەو وەزعییەتەی چۆن هەڵسەنگاند؟**

وەڵام: هێرشی نیزامی هەمەلایەنەی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی لۆبنان کەئێوە ئامازەتان پێ کرد لەرۆژی ٢١ی پووشپەڕ وە دوابەدوای بەئەسیرگیرانی دوو سەربازی ئیسرائیلی لە لایەن هیزەکانی حیزبوڵڵاوە روویدا. بەڵام بە پێچەوانەی ژۆرنالیسمی کورت بین و کۆروکۆمەڵەکانی سەربە ئیسرائیل و رۆژئاوا کە عەمەلیباتی هەڵخرێنەری حیزبوڵلای لۆبنان لە دژی هیزەکانی ئیسرائیل و بە ئەسیرگرتنی دوو سەرباز بە هۆکاری دەستپێکردنی ئەو شەڕە وێانکەرە دەزانن، ئەو شەرە تەواو بەپێی بەرنامە و نەخشە و پیلانێکی لە پێش دا داڕێژراو لە لایەن دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئەو دووهاوپەیمانە ئیستراتیژیکە لەناوچەکە چووە پێشێ. هێرشی نیزامی ئیسرائیل بۆ لۆبنان دو حەوتوو دوای هیرشی نیزامیی و ئاگر بارانکردنی لێواری غەززە دەست پێکرا.

ئەگەر بەرنامەی ئەو شەرە لە پێشدا دانە رێژرابوو، کامە مەنتێق دەتوانی لە نێو عەمەلیباتی حیزبوڵڵا و بەیەخسیرگرتنی دوو سەرباز لەگەڵ شەڕێکی تەواو عەیاری ئیسرائیل لەدژی لۆبنان، وێرانکردنی ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵاتێك، ئاوارەکردنی زیاتر لە یەك میلیون کەس لە خەڵك، کوشت وبڕی منداڵانی ئاوایی قانا، کوشت و بری زیاتر لە یەك هەزار ئینسان و ترس و خۆف نایەتەوە لەناو میللەتێك دا هاوسەنگێك بینێ؟

قسەکانی جۆرج بوش لە کۆنفرانسێکی هەوالگری‌دا لەواشینگتۆن لە رۆژی ٦ی گەلاوێژ لە دژایەتیکردن لەگەڵ راگرتنی شەر لە لوبنان و ئاگر بەسی خێرا و جەختکردنەوەی ئەو لەسەر ئەو خالە کە "ئاما نجمان ئەوەیە کە ئەو تێکهەڵچوونانە بکەینە هەل و فورسەتێك و هەولێك بۆ گۆرانکاری بەربلاو لە ناوچەکە". وە یان قسەکانی کاندالیزارایس کەلە شەڕی وێرانکەری لۆبنانی وەکوو دەردی زایمانی لە دایکبوونی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە ناو لیبرد، هەموو ئەوانە پیشاندەری ئەو راستییەیە کە ئەو شەرە بە پێی تەرح و بەرنامەیەکی داڕێژراو چووە پێشێ.

ئەمریکا لەدوای شەڕی کەنداو لەساڵی ١٩٩١وە تەواوی هەوڵی خۆی خستەگەڕ هەتا ئابووریی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی ئۆلگو و نمونەی خۆی لە بازاری جیهانی بەریتە پێش و بە دیکتەکردنی برێك ریفورم بۆ "دیموکراتیزەکردن"ی نیزامی سیاسی ئەو وڵاتانە کە نمونەکانی ئەومان لە مێسر، قەتەر، ئێمارات و عەرەبستانی سعوودیی دیت، بۆتەزمینی سەقامگرتوویی سیاسیی لەو وڵاتانەو بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستی ئولگووی بازاری ئازاد هەوڵی دا. یەکێك لە پێش شەرتەکانی ئیجرای پروژە ستیراتیژیکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، چارەسەرکردنی ئێمریالیستی‌یانەی مەسەلەی فەلەستین بوو. قەراردادی ئاشتیی ئوسلۆ و دواتر گەلاڵەی نەخشەی رێگا لە ناوەڕاستەکانی ساڵی ٢٠٠٣ کە هەر دوکی بۆ دامەزراندن و بوار خۆشکردن بۆ بازرگانی ئازاد و کرانەوەی سنوورەکانی عەرەب و ئیسرائیل بەرووی یەکتر بوون بە هۆی ناکۆکییەکانی نێو خۆیان و کردەوە یەك لایەنەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، تووشی شکست هاتن.

بە تێپەربوونی زیاتر لە یەك دەیە ئەوە بۆ دەستەڵاتدارانی دەوڵەتی ئەمریکا سەلما کە مێکانیسمەکانی ئابووری بازاری ئازادی سەرمایەداری پشت بەستوو بە گلۆبالیزاسیۆنی ژێر رێبەریی ئەمریکا بەتەنیا و خۆی لە خۆیدا ناتوانێ شکڵ بەو نەزمە بدات کە ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سەری دایە و دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر ئەو ناوچە ستراتیژیکە دابین بکات. نێئولیبرالەکانی کۆشکی سپی دەمێکە هاتونەتە سەر ئەو باوەڕە کە بەبێ دەخاڵەتی نیزامی و سیاسی ناتوانن پرۆژەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست وەدی بێنن. لەشکر کێشی ئەمریکا بۆ عیراق هەر لە جەهەت ئەو باوەرە ستراتیژیکانە و بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی ئەمریکا بەسەر ناوچەکە بوو.

شەڕی هەمەلایەنە و لە پێشداڕێژاو و هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی لۆبنانیش هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەیە.

ئەگەر بەرنامەکان و پروژە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نەیانتوانیوە ئێسرائیل بکاتە هێزی هاوتا (بلامنازع) لەو ناوچەیە، میلیتاریزەکردن و ئاگربارانکردنی لێواری غەززە لە فەلەستین و شەڕ لەدژی لۆبنان ئەو ئامرازانەن کەدەتوانن زلهێز بوونی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەراست مسۆگەر بکەن. بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ئیددیعای بوون بە زلهێزی ناوچەکەی هەیە، ئەو شەرە هاوکات شەرێك بوو لەدژی کۆماری ئیسلامی کە حیزبوڵلا لە پیشەوەی بوو. جێکەوتنی ئیسرائیل وەکوو زلهیزی یەکەی ناوچەکە لەئاست قودرەتەکانی‌تر یەکێك لە پێویستی‌یەکانی چوونەپێشێ نەخشە و پلانەکانی نیئولیبرالەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستە.

ئەگەر هەتا بەر لە ١١ی سیپتامبری ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل، ئیسرائیلی دەخستە ژێر گوشار، لەدوای ١١ی سیپتامبر ستراتێژی ئیسرائیل زیاتر لە رابردوو لەگەڵ ستراتێژی ئەمریکا لەناوچەکە بوەبەیەك.

ستراتێژی شەڕی پێشگیرانەی ئەمریکا کە لەشکرکێشی بۆ عیراق پاساو دەکات لە هەمان حاڵدا بە گشت ئەو جەنایەت ونەسل کۆژییانەی ئیسرائیل لە خاکی فەلەستین و بە عەمەلیباتی ئەو لە قووڵایی خاکی لۆبنانیش شەرعییەت دەبەخشێت.

بوون بەیەکی ئەو دو ستراتیژییەیە کەخەڵکی فەلەستین دەخاتە ژێر مەنگەنەی رووخێنەری گەمارۆی ئابووری وکوشت وبڕ و ئاگرباران و ئەو هەمووە کوشت و بڕ و ئاوارەیی و وێرانییە لە لۆبنان جێ دێلێت. دەوڵەتی ئێهود ئۆلمێت دەیهەوێ بە هێزنواندنی نیزامی، سنوورەکانی ئیسرائیل پەرەپێبدات و دیارییان بکات و وادە و بەڵێنیەکانی بە ئەنجام بگەینیت.

لەو نێوەدا حیزبوڵڵای لۆبنان و حەماس لە فەلەستین ئیعتیرازیکی ئیرتجاعی لە دژی ئەم وەزعە نوێنەرایەتی دەکەن. خۆراگری ئەو رەوتانە تۆسقالێك لە ئازادیخوازیشی تێدا نیە. ئەمانە هیچ ئاسۆیەکی روونیان جگە لە رەشکردنی داهاتووی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەدیاری ناهێنن. خەڵك لەرووی بێدەرەتانی و بێچارەیی‌یەوە لە بارودۆخێکدا کە هیچ ئەڵترناتیوێکی تریان لە بەردەست دا نیە روو دەکەنە ئەو رەوتانە. ئەوە رەگەزپەرەستی و تێروریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل و پشتیوانیی و لایەنگریی بێ درێغی ئەمریکا لە وەحشیگەریی و جەنایەتی ئەو رژیمەیە کە هێز بە رەوتە تێرۆریستەکانی ئیرتجاعی ئیسلامی دەبەخشێت و ئینسجامیان پێ دەدات.

لەم بارودۆخەی ئێستابۆ بەرامبەرکێی خێرا لەگەڵ شەڕەنگێزییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکە دەبێ بە بزووتنەوەی دژی شەڕ پەیوەست بین، دەبێ خەڵك برژێتە سەر شەقامەکان و ئەو بزووتنەوەیە تەقوییەت بکەن. ئەو شەڕە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، شەڕ لە شێوازێکی‌تر دا، لە بواری دیپلۆماسی‌دا درێژەی هەیە.

بەڵام بۆ دامەزراندنی ئاشتی و سولحێکی پایەدار لە ناوچەکە هیچ رێیەکی‌تر نیە، بێجگە لەوەی کە هێزی خرۆشاوی جەماوەری کرێکار بێتەمەیدانەوە. بزووتنەوەی کرێکاریی لە ئیسرائیل، لە فەلەستین و لۆبنان دەبێ ئەمجار بە ئاسۆیەکی سوسیالیستی‌یەوە بگەرێتەوە مەیدانی سیاسیی. ئەوە هەڵبەتە کارێکی دژوارە، بەڵام مرۆڤایەتی ئەگەر نەیهەوێ تەسلیمی تەوەحوش و بەربەرییەت بێت، دەبێ ئەو کارە دژوارە ئەنجام بدات.

کۆنگرەی دوازدەی کۆمەڵە بەو بنەمایانەبە لێکدانەوەی شەڕی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی لۆبنان و ئاگر بارانکردن و گەمارۆی ئابووریی خەڵکی فەلەستین و هەروەها موشەکبارانکردنی شارەکانی ئیسرائیل لەلایەن حیزبوڵلای مەحکوم کرد و لەسەر ئەوە جەختی کردەوە کە ئەو شەرە بەزیانی گەشەی رەوتی پێشرەو و رادیکاڵ تەواو دەبێت کەخوازیاری دامەزراندنی ئارامی و هێمنی‌یە، تا لە ژێر سێبەری ئەودا بتوان توندرەوییەکانی هەر دوو لا بخەنە پەراوێز و گۆشەگیریان بکەن و گرێ کوێرە قەومی و مەزهەبێیەکان و ناکۆکیە ریشەدارە مێژووییەکانی ئەو ناوچەیە چارەسەر بکەن.

**پرسیار: مەسەلەی قەیرانی ئەتومی و بەگشتی بارودۆخی سیاسی ئیران، ئیعتراز وخەباتی جەماوەری، چ رەنگدانەوەیەکی لە باسەکانی کۆنگرە دابوو؟**

وەڵام: کۆنگرە سەبارەت بە قەیرانی ئەتومی لەسەر راست و دروستبوونی هەڵویست و سیاسەتەکانی هەتا ئیستای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە لەو بارەیەوە و پێداگری کرد.

هەر بەمجۆرەی کە لە راپورتی سیاسیی بە کونگرەشدا هاتووە، ئەوەیکە روون و ئاشکرایە، دولایەنی سەرەکیی قەیرانی ئەتومیی یانی دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی، هەر کامیان ئامرازەکانی تایبەت بە خۆیان لە دژی یەکتر لەو دانوستانەدا بەکار دێنن. کۆماری ئیسلامیش بە ئیعتباری ئەوەیکە بەسەر یەکێك لەو وڵاتە پڕ جەمعییەتەکان و لەباری ئابووری و سیاسی و ستراتیژکەوە گرنگی ناوچەکە دەسەلاتدارییەتی دەکات و هەمیش بە ئیعتباری ئەوەیکە توانای بەردهاویشتنە سەر رێی بەرژەوندییەکانی ئەمریکای لە ناوچەکە هەیە، وەکوو هێزیکی ناوچەیی خوازیاری وەرگرتنی ئیمتیازاتیکە کە مانەوەی رژیم وەکوو حکومەتێکی سەقامگرتوو و دەخیل لەسیاسەتە ناوچەییەکان دا زەمانەت بکات.

دەوڵەتی ئەمریکاش کە دەیهەوێ کەلامی ئاخر لە هەموو کێشمەکێشەکانی ئەو ناوچەیە ئەو بیڵێت و خوازیاری فراوانکردن وتەحکیمی نفوزی سیاسیی و ئابووری ونیزامیی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، توانایی زۆری بۆ خستنەژێر گوشاری رژیمی ئێران هەیە. هەر بەم هویە هەر دولا ئەو کێشەیە هەتا ئەو پەڕی خۆی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی زیاتر لە یەکتر درێژ دەکەنەوە. بۆ دەوڵەتی ئەمرێکا گرنگ ئەوەیە کە رژیمی ئیران لە رکە بەرێکی سەر سەختەوە وەکوو هاوکارێکی بەتوانا و کاریگەر لە ناوچەکەی لی بێت.

کونگرە لەسەر هەڵویستی دژایەتیکردنی لەگەڵ هەر جۆرە دەخاڵەتێکی ئەمریکا و باقی هێزە رۆژ ئاواییەکان لەکاروباری ئیران جەختی کردەوە و هەوڵ وتێکۆشان بۆ پەرەدان و بەرفراوانترکردنی خەباتی خەڵکی ئیرانی بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی و هەوڵی هەرچی زیاتر بۆ تەقوییەتی رەوتی خۆسازماندان و ریکخستنی بزووتنەوەی کرێکاریی و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو ئەو لەوییتەکانی هەڵسوورانی سۆسیالیستی دیاری کرد.

کۆنگرە هەروەها روونکردنەوەی ئاکام و دەرنجامە زیانبارەکانی ستراتێژ و سیاسەتی حیزب و هێزە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بۆ هێرشی ئەمریکا و تێکرابوونەوەی سیناریێوی کارەساتباری عیراق رۆژ مێری دەکەن هە تا ئیستاش زەربەیان لە ئیعتباری بزووتنەوەی کوردستان داوە، ئەم ئەرکەی خستە سەر شانی ئورگانە تەبلیغی‌یەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە.

کۆمەڵە وەکوو بەشێك لە تەشکیلاتێکی سەراسەری بەش بەحالی خۆی هەوڵ دەدات کە کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە کوردستان و لەسەراسەری ئیران بە ئاگاداربوون لەناوە ڕۆکی راستەقینەی سیاسەتە ئێمپریالیستی‌یەکانی ئەمریکا و پەرەدان بە خەبات لەدژی رژیمی کۆماری ئیسلامیی، جێو شوێنی شیاوی خۆی لەریزی میلیۆینی مرۆڤی عەدالەتخواز و خەباتی جێهانیی لەدژی شەڕ و میلیتاریسمی ئێمپریالیسمی بدۆزیتەوە.

کونگرەی دوازدەی کۆمەڵە هەروەها لەسەر ئەو خاڵە جەختی کردەوە کە فەعالتربوونەوەی سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە ئیران و ئەگەری دەستێوەردانی ئەو لە ئیران بە هەر جۆرێك کە بێت و هەر ئاکام و دەرەنجامێکی لی بکەویتەوە، لە ناوەڕۆکی ئەرکەکانمان لە هێچ کام لەو بارودۆخە ئێحتمالی یانەدا ئاڵ و گورێك پێك ناهێنێت، بەڵکوو بردنە پێشێی ئەو ئەرکانەیە کە دەتوانیت شیوازی جواوجۆر بە خۆیەوە بگرێت. ئێمە لە هەرحاڵ دا لەرێگای چالاکی تەبلیغی و رێکخراوەیی‌یەوە هەوڵ دەدەین لەو بوشایی‌یەی کە بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی دێتە پێشێ، خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی دەستەڵاتی شۆڕشگێرانەی خۆیان بەپشت بەشتن بە ناوەند وریکخراوە جەماوەری‌یەکان لە رێبازی ستراتیژێکی دیاریکراو،شێلگیرانە ببەینە پێشێ.

بەڵام لە پێوەند لەگەڵ بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دەبی بڵێم کە لە یەك ساڵی رابردوو دا و بەدوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد رژیمی کۆماری ئیسلامیی هەوڵی‌دا تابە پشت بەستن بە یەك کاسەبوون و یەکدەستبوونی هێز لەسەرەوە و بەلارێدا کێشانی بیروڕای گشتیی لە مەسایلی ناوخۆ و ئەو مەسەلانەی کە پێوەندیی بە ژیانی واقیعی ئەوانەوە هەیە و سەرەنجراکیشانی ئەوان بەرەولای مەسایلی دەرەکی وئاژاوەیەك لە ئاستی نێونەتەوەیی بەرپای کردەوە و هەروەها دروستکردنی فەزای شەڕو هەڕەشە و گوشاری سەرکوت، پاشەکشە بە بزووتنەوە کرێکاریی و باقی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانی‌تر بکات. بەڵام سەرەرای پەرەدان بە فەزای سەرکوت و دەستگیرییەکان و بە مەحاکەمەکێشاندنی هەڵسووراوانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یەکان، نەیتوانیوە بزووتنەوە ئیعتیرازی‌یەکان لە کۆمەڵگا ناچار بە پاشەکشە بکات. لەساڵی رابردوو ئێمە بەردەوام شاهێدی پەرەسەندنی ئیعتیرازات و مانگرتنە کرێکاری‌یەکان بووین.

حەرەکەتی کرێکارانی شێرکەت واحیدی ئوتۆبوسرانی لە تاران کاریگەرییەکی گرنگی لە مەیدانی سیاسیی کۆمەڵگا دانا. هەڵسووراوان و پیشرەوانی کرێکاریی لە شێرکەت واحید بە دەخیلکردنی ژمارەیەکی بەربلاو لە فەرمانبەرانی ئەو شیرکەتە، سەندیکای سەربەخۆ لە دەوڵەتیان پێك هێنا و بەکردەوە، ئەویان بەسەر رژیم داسەپاند و هاوکات رێگا و شێوازی پێکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاریشیان پیشان دا، وە هەر بەهۆی ئەو ئیعتیرازاتەوە بوو کە چالاکیی پێشرەوان و هەڵسووراوانی کرێکاریی بۆ خۆسازماندان و پێکهێنانی تەشەککولی جەماوەریی وکرێکاریی چۆتە نێو قوناغێکی نوێوە. ئەوەیکە لە ئیعتیرازات و خەباتی یەك ساڵی رابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی دەرخست، هەولی هەلسووراوانی بزووتنەوەی خویندکارانی زانکۆکان و بزووتنەوەی ژنان بوو بۆ دروستکردنی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی، گشتی ئەو لایەنانە لە لێکدانەوەکانی بارودوخی سیاسیی و زۆرێك لە لایەنەکان و خالەکانی‌تر لە کۆنگرە بەوردی و بە درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

***

دەورەی دووهەم ژمارە ٢٢٤ نیمەی ئەوەڵی ڕەزبەری ١٣٨٥ سێپتامبری ٢٠٠٦

پێشڕەو

# تیروریسمی کوێر، ئەو دیاردەیەی کە لە ژێر سیبەری سەرمایەداری سەردەمی ئێمەدا لە دایك بووە

## وتوویژی هاوڕێ حەسەن ڕەحمان پەناه بە بۆنەی ساڵهاتی ڕووداوی جینایەتکارانەی ١١ی سپتامبر

**پرسیار: هاوری حەسەن ٥ ساڵ لە ڕووداوی ١١ی سیپتامبر تێپەر دەبێ، پێش هەر چەشنە لێکدانەوەیەك دەمانەوێ بزانین کە هەڵویستی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەکاتی خویدا سەبارەت بەو ڕووداوە چۆن بووە؟**

وەڵام: ئەمە کردەوەیەکی زۆر زۆر دژی ئینسانی و ووحشیانە بوو، کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی بێ دەستەڵاتیان لەناو چەند تەیارەدا کرد بە بۆمبێکی ئینسانیی، لە دژی کۆشکی سازمانی توجارەتی جیهانیبا کە بە دوقلوو دەناسران لە واشینگتون بە کاریان هینا، وە ئەو کارەساتە بوو بە باعیسی ئەوەیکە جیا لەو چەند سەد نەفەرەی کە لە ناو ئەو دوودانە فرۆکەیە دابوون، سەرجەم ٣٠٠٠ ئینسان کە بەشێك تیمەکانی ئاورکوژاندنەوە و ئیمدادرەسانی بوون کە لە هەموو شوێنیکی ئەو دونیایەدا خزمەت بەخەڵك دەکەن بوون بە قوربانیی رەفتاریکی دژی ئینسانیی و تێروریستی. ئەم کارە هیچ پاساوێکی سیاسیی، مەزهەبیی، ئیدئۆلۆژیك هەڵناگریت. عەمەلێك بوو زۆر زۆر دژی ئیسانیی وتاوانبارانە. کاتی ڕوداوە کە، لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەڵەوە ئەم ڕووداوە بە توندیی مەحکوم کرا وە وتمان ئەمە حەرەکەتێکی جینایەتکارانەیە، هەدەف سازماندران و بەرێوەبەرانی ئەو کارە هەرچی بووبێت، خەڵکی بی تاوان بوون بە قوربانیی. ڕاستە ئەمریکا زلهیزیکە کە لە زۆر شوینی دونیا کارەساتی خوڵقاندووە، جەنایەتی کردووە بەلام هەر ڕق و نیفرەتێك لە دەوڵەتی ئەمریکا یا بێزاری و نارەزایەتییەك لە سیایەتەکانی دەوڵەتی دەسەلاتدار هەبیت، هیچ پاساوێ هەڵناگرێت کە خەڵکی بێتاوان بکرێن بە قوربانیی سیاسەتەکانی ئەو دەولەتە. هەروەها وەتمان کە ئەم کردەوە دەرئەنجامیی ڕەنگ دانەوەی سیاسەتەکانی دەولەتی ئەمریکا و ئەو ڕەفتارانەی کە لەئاستی دونیا دا بوویەتی. هەروەها وەتمان کە ئەم جنایەتە تیروریستەیە بهانە بە دەست دەوڵەتی بوشەوە دەدات کە جیهان بەرەو میلیتایزم و نیزامیگری زیاتر بەبات. ترور و نائەمنی زیاتر دەبێت کە ئەمرو بەئاشکرا دەی بینین. هەر بویە ئەوەشمان مەحکوم کرد.

**پرسیار: هاوری حەسەن باسی هەڵویستی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستت دوای ڕووداوی ١١ی سیپتامبری ساڵی ٢٠٠١ کرد، باش دەزانین کە دونیا پاش ئەو ڕووداوە ڕوواڵەتیکی دیکەی بەخۆوە گرت، مێلیتاریسم و شەر باڵی ڕەشی بەسەر زۆر شوێن دا کێشا، بەسەرنجدان بەوانە ئایا ڕووداوی ١١ی سێپتامبر دەتوانی وەك نوقتە وەرچەرخانێکی مێژوویی بژمێردرێت؟**

وەڵام: بە باوەری من ڕووداوی ١١ی سێپتامبر ڕووداوێکی گرینگ بوو، گرینگییەکەی لە چەند بابەتەوە دەتوانین ئیشارە پێ بکەین، یەکەم ئەوەیکە ئەمریکا بۆخۆی زلهیزێکی دونیای ئەوڕۆکەیە، هەموو کەسێك ئەوە دەزانێت کە دوای ڕووخاندنی بلوکی شەرق، ئەمریکا بە ئێستلاح بووبە قەدەرقودرەت، بوو بە دەسەلاتدار وە نەزەریە پەردازەکانی نیئولیبرال ڕایانگەیاند کە ئەوە کۆتایی تاریخە، شەری تەبەقاتیی نەماوە، کوتایی مێژوە ئەوەیکە هەیە خەت و جەهەت و بۆچوونی نێئولیبراڵەکانە کە بە سەر ژیان و چارەسەری بەشەردا زال دەبێت. هەر ئەو کات بوشی باوك باسی نەزمی نوێی جیهانیی کرد کە بەقەولی ئەوان دونیا بەرەو سوبات و ئارامش و بەرەو دێموکراسی دەڕوات. هەر ئەو کاتە ئێمە و بەشێکی زۆر لە جەرەیاناتی چەپ و ئازادیخواز لە ئاستی جێهانیدا لە دژی ئەم تێزە بووین، پێمان وابوو ئەمە فریوە، ئەمە ڕاستگۆیی تێدانیە. ڕاستە بلوکێکی ئێمپریالیستی ڕووخاوە، بەلام ئەمە سەرکەوتن بۆ بەشەرییەت نیە، بەڵکوو ئەزقەزا کێشەکانی دوایی نیشانیدا ئەگەر ئەوکاتە لە ململانیی ئەم دوو زلهێزەدا زۆر شت کۆنترولێ دەکرا، زۆر بەربەست بوو لەدژی ئەم یا ئەویان، بەنەمانی بلوکی شەرق، ئەمریکا هەرچی زیاتر سەرەرۆیی کرد. سەرەرویی ئامریکا یانی نائەمنی و بی سەباتی بۆ جیهان. ڕووداوی ١١ی سێپتامبر دەسەلاتداری سەرەرۆیانی ئەمریکا لە ئاستی جیهاندا بردە ژێر پرسیار و بەتایبەت ئەوە کە ئەم کارەساتە نەك لە لایەن یەك یا چەند زەلهێزیی دیکەی ئیمپریالیستی بەلکوو لە لایەن تاقمیکی نهینی کاری تروریستی هاوکاری دۆێنی ئامریکاوە ئەنجامدرا. خالێکی دیکە ئەوە بووکە ئەمریکا لەباری تێکنۆلۆژیەوە و زۆر زۆر لە پیشە، زۆرجار بۆ خۆیان ئەوەیان دەگوت کە لە ڕێگای زەوی و ئاسمان و لە ڕێگای دەریاوە ئێمە هەموو ئەمریکامان پاراستووە. چاوە ئێلێکتریکییەکان ئاگاداری هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی هەموو شتێك لەناو خودی ئەمریکا و خاکی ئەم وەلاتە دەکەن و دام و دەزگاکانی جاسوسی ئەمریکا لە هەموو جیگایەك موجەهەز وموسەللەتن. وەختێك کە ئەم ڕووداوە قەوما، ئەم پروپاگەندە بە نەوعێك بوو بە بلقی سەرئاو، لە وڵاتێکا کە ئەو هەموو دەم ودەزگا جاسوسییەی تێدایە، ئەو هەموو سیستمی مۆخابەراتی و سیستمی کۆنترۆڵ و چاوی ئێلێکتریکیی و کونترولەی تیدایە، چون دەبێ چەند فروکە لە ژێر چاوەدێری بچێتە دەرەوە کەس ئاگادار نەبێت؟ ئەمە بۆخۆی پرسیاری زۆری هێنایە گۆڕێ کە ئایا ١١ی سپتامبر تەنیا توانایی ئەلقاعیدە بوو یا دەستی دیکەیشی لە پشتەوە هەبوو؟! نوکتەیەکی تر بە باوەڕی من ئەوە بوو کە لەدوای لانیکەم شەڕەکانی ناوخۆی ئەمریکاوە، ئەمریکا دەرگیری هیچ شەڕێك لە ناوخۆی ئەم وەڵاتە نەببوو، بەڵام شەڕی فرۆشتبوو بە دونیا، و لە زۆر وڵاتی دیکەدا شەڕی کردبوو. لە ئاسیا لە ئەفریقا و لە ئۆروپا. لە پەنای دەستی خوی لە ئەمریکای لاتین چەند کودەتای نیزامی و پیلانی دیکەی سازمان دابوو. ڕووداوێکی ئاوا بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمریکایش چاوەڕواننەکراو بوو. ئەم وەڵاتە بە جەزیرەی ئارامشی سەرمایە باس دەکرا. وەختێك کە ئەم ماجەرایە ڕوویدا، لەم بابەتەوە زۆرشت چووە ژێر پرسیارەوە کە نەزمی نوێی جێهانیی بۆ بوو بە بێ نەزمی؟ زلهیز و قەدەرقودرەتیکی وەك ئەمریکا بۆ ئەم کارەساتی لی قەوما؟ ١١ی سیپتامبر نیشانیدا کە ئەمریکا ئەو قودرەتە غاڵب و هەمەکارەو دەسەڵاتدارە نیە کە هیچ شتێك لە ژێر ڕکێفی خاریج نەبێت وە زەربە پەزیر نەبێت. ئەگەر ئەم حەرەکەتە لەلایەکەوە هەلس و کەوت و سۆزیکی عاتفیی لە ئاستی دنیادا نیسبەت بەخەلکی ئەمریکا دروست کرد وە بە هەقیش خەڵك ئێحساساتیان بزوا نیسبەت بە ٣٠٠٠ ئینسانی بێتاوان کە بوون بە قوربانیی، بەلام لە لایەکی دیکەوە سیاسەتەکانی شەڕئەنگێزانەی بووش وە ئەو دروشمانەی کە بەرزی کردەوە و ئەو هەڵس و کەوتەی کە نواندی وە ئێعلامی شەڕی مەزهەبیی، شەڕی سەلیبیی وە بەرەی خێر و شەڕ، ئەو نەوعە قسانە، بوو بە باعێسی ئەوە کە هەم لەناوخۆی ئەمریکادا وە هەم لەئاستی جێهانیشدا ئەم هەست و ئێحساسەی کە درووست ببوو، هەرچی زیاتر و ڕۆژبەرۆژ کەمرەنگتر بووەوە، ئەمانەی ئاماژەم پێ دا ئەوخالە گرینگانە بوون کە لە ڕووداوی ١١ی سیپتامبردا دەبێت لە بەر چاو بگیرێن.

بەلام بە رای من ١١ی سیپتامبر نوقتەعەتف نەبوو لەئاستی جیهانیدا، بەلکوو ڕووداوێکی گرنگی جیهانی بوو کە ڕەوتی ڕووداوەکانی خیراتر کرد. شتابیدا بە کێشەکان و ئالۆزییەکان و تێروریسمی لە ئاستیکی دیکەدا مەترەح کرد وە لە لایەکی دیکەشەوە مەجالیشی زیاتر کردەوە بۆ نەوعێك قەدەرقودرەتیی و زۆرداریی نیزامیی ئەمریکا. ئەمرۆ باس لەوە دەکری کە ئەمریکا لە باری ئابوریەوە ڕوولە دوایە. زۆرکەس لە تەحلیلگەران دەڵێن، چین خەریکە دەبێ بە قودرەتی غاڵب، ژاپۆن جیگایەکی تایبەتی پەیدا کردووە، ئاڵمان و ئوروپای یەکگرتوو ئەمرۆ خەریکن لەزۆر بابەتەوە قسەی یەکەم دەکەن. ١١ی سیپتامبر زیاتر ئەمریکای بەرەو ئەوە برد کە بە هێزی نیزامی بۆ شایی وکەلێنیك کە لەباری ئێقتسادی و دەستەلاتدارییەتی جیهانی بۆی پێش هاتووە، بەهێزی نیزامی پری کاتەوە. ١١ی سیپتامبر ڕەوتی ڕووداوەکانی تەسریع وەمەجالی بۆ نیزامیگری ئەمریکا زیاتر کردەوە، بەلام نەبوو بە نوقتە وەرچەرخانێکی مێژوویی



بەو مەعنایەی کە ئیتر هەموو شتیك تازە لەو کاناڵەوە بۆگزەرێت.

**پرسیار: هاوری حەسەن ئاگادارین کە شەری دژە تێرۆر ئەو درووشمە بووکە دەوڵەتی ئەمریکا بەدەستیەوە گرت بۆ ئەوەیکە کۆمەڵێك ئامانج و مەبەست کە دیاری کردبوو پییان بگات. پێش ئەوەیکە بچیتە سەر ئەوەیکە ئەسڵی مەبەستەکانی چەندە بەدی هاتوون یان نا با ئەو پرسیارەت ئاراستە بکەم کە دەوڵەتی ئەمریکا چەندە توانیویەتی لەو شەرە دیاریکراوەدا کە لەگەڵ ئەڵقاعیدە و تیرۆریسم بەگشتیی بەرپای کردووە، سەرکەوتن بەدەست بێنیت؟**

وەڵام: من پێم وایە پێش ١١ی سیپتامبر، تیرۆر وئەم شێوازە هاتبووە ئاراوە، چەند مێژووی تیرور کۆنە، بەڵام ترور وکوشتن بە شێوەی جەریاناتی ئیسلامی بە تایبەت بە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٩ی زایینی و دەستێوەردانی جمهوری ئیسلامی لە ڕووداوەکانی مەنتەقە و جێهان زیاتر شکلی گرت. جەرەیانی ئیسلامی زیاتر بەرەو جەرەیانی تێرۆر ڕەشەکوژی ڕۆیشتووە. لە لایەکەوە پایەی ئێقتسادی گەورەیان هەبووە کە کۆماری ئیسلامییە. لە لایەکەوە قودرەتێکی نەوعەن ئیدەئۆلۆژیکیان پەیدا کردووە کە زوربەیان کۆدەکاتەوە و ئەگەر توشی موشکەلیش بن دەیان پاریزیت. یان جەریاناتی دیکەی ئیسلامی وەك ئەلقاعیدە و هاوبیرەکان تەغزییەی فکری و مالی یان لە عەرەبستانی سعودی و پاکستان کراوە. ئەمریکا دەور وتەئیسری بەرچاوی لە یارمەتیدەیان گەشەیان هەبووە. ئەم ڕەوتانە بەدەلیلی ئەوەیکە جواب و شێوازێکی تریان بۆ ویست و خواستەکانی کۆمەڵگای بەشەریی نیە، زۆرتر بۆ شیوازی تیرور و تۆقاندن پەنا دەبەن. بەڵام ئەگەر هیندیك لە رابردوو فاسلە بگرین و بینە پیشترەوە، ڕووداوی ١١ی سیپتامبر نەتەنیا تێروریسمی تەزعیف نەکرد، بەلکوو تەقوییەتی کرد. لە وڵاتانی ئۆرۆپایی، لە ئینگلستان، لە ئیسپانییا، لە ئیتالییا، لە ئیسکاندیناوی، لە زۆریەك لەو وڵاتانەیتر، وە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە مێسر، لوبنان، ئوردون، لە فەلەستین تا فیلیپین و ئەندونزی و جیگاکانی دیکە پەرەی ساند. جورج بووش پاش ١١ی سیپتامبر ئیعلامی شەڕی دژی تێرۆری کرد وە دواتر رای گەیاند کە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە و تروریزمیان لاواز کردوە. بەلام ئیستا سەربارەت بە خەتەری گەشی تیرور و هۆشیدار دەدەن ڕەوتی ڕووداوەکانی و ئەو واقیعییەتانەی کە ئەمرۆکە دەیبینین، تێرۆریسم تێیدا تەزعیف نەبووە. چاو لە وەزعییەتی عیراق بکەن، کام ڕۆژ هەیە کە نەڵێن سەد جەنازەمان دۆزییەوە. کام ڕۆژهەیە نەڵێن چەندین ماشێن لە بەغدا لە کەرکوك لە موسل لە ڕوومادی ولەشوینەکانی دیکە تەقێنەوە. چاو لە وەزعییەتی ئەفغانستان کەن، خۆ ئەوان دەڵێن لە ئەفغانستان تالبان وئەلقاعدە نەماوە. بەلام هەر لەم چەند ڕۆژەی رابوردوودا قسەلەوە دەکرێ کە هێزەکانی تاڵەبان چوار شاریان گرتۆتەوە. ئەمانە لە کوێوە هاتوون؟!،

ئەگەر ئەم ڕەوتە کۆنەپەرست ودژی بەشەریانە تەزعیف بوون وبەقەولی ئەوان لە زۆر جیگا بنەبربوون ئەی بۆچی وەزعەکە ئاوایە؟! بەدروست دەوتریت کە خشونەت، خشونەت دینێت، سەرکوت موقاوەمەت دێنی. هەرچەند موقاوەمەتی ئیسلامی ڕەوتیکی کۆنەپەرستەو جیگای دلخوشی و پشتیوانی نیە بەڵام ئەمرۆ هەیە و ئەزقەزا بەری شکل گرتنی مقاومەتی مەدنی و شورشگیرانە دەگریت.

ئەم نەوعە خشونەت و ملهوڕی و قەدەرقودرەتییەی کە ئەمریکا ئێستە لە ئاستی ناوچەکە و دنیا گرتوویەتە پێش، نەتەنها تیرۆری تەزعیف نەکردووە، بەلکۆ بووە بە یەکێك لە بنەماکانی گەشەی ترۆر.

**پرسیار: یانی دەتوانین بڵێن کە ئەو سەرکەوتنەی ئەمریکا کە ئیدەیعای دەکا، شتێکی واقعیی نیە، بەڵکوو شەرێکی ڕەوانییە کە لەرێگای راگەیێنەرەکانی خۆیەوە ئیعلامی دەکا؟!**

وەڵام: نەمانی دەولەتی بەعس لە عیراق وتالەبان لە ئەفغانستان سەرکوتنە بۆ ئەمریکا. بەلام تووش بوونی لەگەڵ شەریکی ڕۆژانەو خویناوی بە تەلەفاتی زۆرەوە وهەروەها نەبوونی ئەمنیەت و ئاسایش سەرکەوتن نیە، روچون لە باتلاقیکە کە پاشەروژی نادیارە. پاش رووخانی تالەبان و بەعس ڕۆژنامەکانی ئەمریکا قسەیان لە سەرکەوتنی گەورە دەکرد. ئەوروکە هەر ئەم ڕۆژنامانە دەنوسنن ئەم شێوازەی کە بووش گرتوویەتە پێش، ئەمنییەتی ئەمریکای زیاتر خەستوەتە خەتەرە. زۆرریەك لە دەولەتانی ئوروپایی و کانادا و ئوستولایای وئەمریکا زوو زوو بە دانشتەوانیان رادەگەینن کە مەچن بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست و زۆر شوینی دیکە و تەنانەت زورکەس لە خەڵکی ئەم وەلاتانە هەست بە ئاسایش ناکەن. ئەمە نیشانەی چیە؟! ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ترور و کوشتن و نائەمنی پەری ئەستەندووە.

قسە لەسەر سەرکەوتن ئەکرێ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتن ئەوەیە کە، ئەمنیەت و ئاسایش بێنی بۆ کۆمەڵگا. لە عیراق ئاسایش لە کوێ هەیە، جیاواز لە کوردستان کەبە هوی مێژوویەکی خەباتکارانە و راپەرینیك کە ١٥ سال لەوە پێش لەم ناوچەیە ڕوویدا کە خەڵکی ئەم ناوچەیە ئێستایش حاسلی ئەو قیامەیە دەچننەوە، وەزعییەتی ناوەراست، وەزعییەتی ناوچە شیعەنشینەکان، حەتتا جنوبیش چیند ئەمنیت هەیە؟ مەگەر هێزەکانی ئەمریکا چەندە ئەمنییەتییان هەیە لەم وەڵاتە بەو هەموو ئیمکاناتەوە هەتا خەڵکی بی دیفاع هەیان بێت.

هەموو ئەو نمونانەی کە هێنامانەوە ئەوەمان پێ سابت دەکات کە شەری دژە تیروری بووش نەتەنها تیرۆری تەزعیف نەکردووە، بەلکوو بە هیزی کردووە. ڕۆحییەی بەربەرەکانیکردن، لە دژی هیزی داگیرکەر مەجالی ڕخساندوە کەهیزی کونەپەرستەکان بە قازانجی

خۆیان کەلکی لی وەر گرن. لە غیابی رەوتێکی چەپ و رادیکاڵ و سوسیالیست دا که جەماوەر بە خەباتیکی شورشگیرانە، مدنی و یەکگرتوانە رێکخات، رەوتە ئیسلامیەکان بوون بە میدان دار کە ئەمە مەترسی گەورە بۆ سەرکار و ژیان و خەباتی ئیستا و پاشەرۆژی هەرکومەڵگایە کە ئەوان تیدا چالاکن.

**پرسیار: هاوری حەسەن باسی وەزعییەتی جەریاناتی ئیسلامیت کرد کە گەشەیان کردووە و سەریان هەڵداوە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی کۆنکریت وەلامی ئەم پرسیارەم بدەیتەوە کە دوای ١١ی سێپتامبر بو خۆت مەوقەعییەتی جەریاناتی ئیسلامی چۆن دەبینی وە ئەوان چۆن توانیان لەو مەسەلە کەلك وەربگرن؟**

وەڵام: ئەمن لام وایە ئەگەر لانی کەم پاش شەری دووهەمی جیهانی بۆ مێژووی جەریاناتی ئیسلامی بروانین، هەموویان بە نەوعێك دەستکردی وڵاتانێکی دیکە بوون لە موقابڵی جەریانی چەپ و سوسیالیست دا. نمونەکەی جەرەیانی حەماس لە دەهەی حەفتا و هەشتا لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین بوو. ئەم رەوتە لەئەساس دا لە دژی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی فەلەستین و بە تایبەت جەناحی چەپی ناو سازمانی ئازادیبەخشی، فەلەستین کە جەریانێکی جیددی بوون دروست بوو. لە ئیسرائیل حەماس وەك جەریانیکی خیرخواز سەبت کرا. ئیمکاناتی ماددی دەخرێتە ئیختیاریانەوە لە دروستکردنی مەدرەسەو کاری خەدەماتی وکاری خزمەتگوزاریی ئیمکاناتی بۆ فەراهەم دەکرێت.

جەرەیاناتی دیکەی لە نەوعی ئێخوانۆلمۆسلیمین کە دروستبوون، هەموو کەس دەزانێت کە بەچ شێوەیەك مەجالیان بۆ دەکرێتەووە، کاریان بۆ دەکریت وە حەول دەدرێت لەباتی ئەوەیکە رەوتێکی رادیکال و سوسیالیست و عەداڵەت خواز لە ناو جامعەدا گەشە بکات، ئەم رەوتانە بێنە روو. لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا کە مێژووی بەرپا بوون بەشێکە لە تاریخ و زۆرکەس دەزانیت کە کاتی خۆی خومەینییان لە نەجەفەوە برد بۆ پاریس و رووبەروی پرۆژوکتۆرهایەکی گەورە دایاننا، وتیان عەکسی خومەینی لە مانگا بینراوە، دروشمی مەزهەبی یان بۆ بەرز کردەوە، وە وتیان تەنها بەدیلێك کە وجوودی بێ ئەمەیە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی ئەو کاتە هێشتا شۆرەوی و بلوکی نەناو سوسیالیستی مابوو، ئیران کە کەوتبوە مەترسیەکەوە کە ئینقلابی تێدا بکرێت وە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئێمپریالیستی بە قەناعەت گەیشتبوون کە رژیمی شایان بۆ ناپارێزرێ، دەبێ لایبەن وە خەتەری ئەوە بوو کە لە خوارەوە حەرەکەتێك و بزووتنەوەیەکی ئاوا رادیکاڵ و جەماوەریی مەعلووم نەبوو رەوتەکەی بەرەو کوێ دەبا، ئەوان نیگەران بوون کە بۆیان کونترول نەکری. لە موقابڵی ئەوەدا رێگەیان بۆ هاتنە سەر کاری جمهوری ئیسلامی خۆش کرد، حیمایەتیان لی کرد، تەنانەت ئەوکاتەی کە خومەینیی دەبەنەوە تاران، ژێنراڵ هایزێر لە تارانا خەریکە لەگەڵ فەرماندەهانی ئەرتەشی ئێران کۆبوونەوە دەکا، لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خوێدا دەڵێ "یەکی لە نێگەرانییەکانی من ئەوە بووکە ئەو فروکەی کە دێت و خومەینیی تێدایە بەراستی لە فروکەخانەی مێهرئاباد لێی نەدەن و سەرنگون ببی، نەماندەزانی ئەگەر شتێکی وا بێ رەوتی رووداوەکان بەرەو کوێ دەڕوات و چ موسیبەتێك لە ئێراندا دەقەومێت". کۆماری ئیسلامی‌یان ئاوا هینا سەرکار! ئایا ئەمروکە کەس هەیەنەزانیت کە جەرەیانی تالبان و ئەلقاعێدە کاتیك کە لە دژی شورەوی بەشەر دەهاتن بەناوی تێکۆشەرانی ئازادی، ناویان لێ دەبرا. ئەم هیزە کۆنەپەرەستە شەریان بە پووڵی عەرەبستانی سعوودیی، بە ئاموزش و ئێمکاناتی نیزامی پاکستان وە بە رێنوێنیکردن ویارمەتیکردنی ئەرتەشی ئەمریکا و "سی ئای ئێی" دەکرد، بە هێز بوون و گەشەیان کرد. ئەوە مێژووی دروست بوونی جەریاناتی ئیسلامی‌یە کە ئەمریکا و هاوپەیمانانی چۆن پەروردەیان کردن و لەگیانی کومەڵگایان بەردان. لە سیاسەتی زەلهیزەکاندا دوستایەتی لە سەرئەساسی بەرژەوەندیە. چرچیل دەڵێت: ئێمە دۆستی دایمیمان نیە بەڵام مەنفەعەتی دایمیمان هەیە. بۆ ئەمرێکایش هەر وایە، ئەم رەوتانە ئێتر دوای ئەم رووداوانە خاسیەتێکیان بۆ ئەوان نەما ئەوانیش کەوتنە بیری دروست کردن ئەمارەتی ئیسلامی. ئەوان بە حکوومەتیکی لیبرالی ئیسلامی کە ئەمریکا خوازیاریەتی رازی نەبوون. جەریاناتی ئیسلامی پیش ئەوە وەك بەدیلی کومەلایەتی مەترەح بن لە روی ترس و خوف و وکۆشت وبەرەوە ئەمرو ناویان دەرکردوە. لە ئێراندا ئەگەر رووداوێك بێتە پێشەوە جەریاناتی ئیسلامی و رەوتی ئیسلامی شکست دەخۆن. چون ئیسلام لە هەمووکات زیاتر لاواز بووە، لە هەمووکات زیاتر روولە پاشەکشێیە. بە دەلیلی ئەوە خەڵك روالەتی راستەقینی ئیسلامییان ناسیوە. لە ئەفغانستانا خەڵك وەزعییەتەکەیان بینیوە. رەوتی ئیسلامی بە ئێتێکا بە ئازادیی و دیموکراسی و بەمافی ژن و بە هەقی جەوان مۆتتەکی نین. چی دەبێ بە باعیسی ئەوەیکە جەرەیانێك ببێ بە رەوتێکی مۆسەللەت لە جامیعەدا؟ یا زۆری قەهر و سەرکوتە یا بەدیل و ئەلترناتێویکی ئیقتسادییە کە دەبێ بێبێ. جەرەیاناتێ ئیسلامی کام بەدیلی ئێقتسادییان هەیە؟! ئەوان خۆ باوەریان بەم دنیایە نیە، ئەوان حەول دەدەن بۆ دنیایەکی دیکە، هەموو خولیا و ئۆمید و ئارەزووەکانی خۆیان لە دونیایەکی دیکە دا دەبیننەوە و خەڵك حەواڵە دەدەن بەو دنیایە. بەدیلی ئابوری ئەوان چیە؟

***

# لوبنان دەمریت؟

نوسەری لوبنانی: شاهوان شارلیز
وەگێر: ئاسو



من و هاوریانم گەلالەیەکمان بۆ ولاتەکەمان لوبنان لە مێشکمان دا دارشتوە کە ئەتوانێت بۆ ئیمە میلیونها و رەنگە میلیاردها داهاتی هەبیت، رەنگە ئەم بەرنامەی ئیمە لە سەرنجی یەکەم دا جیگای پێکەنین ویان وەك شێتی و خەون و خەیال بەرچاوکەوێت، بەلام من ئەم گەلالە بازرگانی سیاسی و هونەرمەندانە پیشنیاردەکەم. بەم شیوەیە کە ئیمە ولاتەکەمان "لوبنان" ئیجارە بدەین بە هەرکەسیك لەم جیهانەدا کە حەزی لەشەرە!

بۆ وینە ئەگەر موزامبیك بیهەوێت لەگەل دانمارك شەڕ بکات، ئەو کاتە ئەم دوولاتە ئەتوانن بۆ ماوەی سالێك یان زیاتر لوبنان بە ئیجارە بگرن. ئیمەش لە حالیکدا کە پارەی ئیجارە کەمان وەر گرتوە، لەم ماوەدا کە ئەوان خەریکی شەرن بچینە موزامبیك یان دانیمارك و لەو شوینە ژیان بەرینەسەر و رای بوێرین وکاتێك شەر کوتایی هات و ولاتەکەمان ویران بوو، لانیکەم ئیمە سەلامەتین و بە بێ رەنج و پەشیمانی بگەرینەوە بو ئەم وێرانە یە.

چونکە ئەو لوبنانەی کە ئیمە لە باوك و باپیرمانەوە بە میرات پیمان گەیشتوە و بۆ سەربە خۆیی شەرمان بۆ کردوە، ئیتر بەرچاو ناکەویت ئەگەریش هەبێت تەنیا لە هێندی گۆرانیە خوشەکانی "فیروز " گورانی بیژی بە ناوبانگ دا زیندوە. بەلێ لوبنان یانی ئەو ناوچەی کە تەنیا لە خەیالی روشنبیرانی وەك "میشل مش "دا بوو، ئیتر نەماوە.

ئەم لوبنانەی کە ئیمە لە نیوان شەڕی "کوماری حیزبوللا" و دەولەتی ئیسرائیل تاقیمان کردەوە بە هیچ شیوەیەك لەگەل خەراپ ترین ناوچەی جیهانیش هەل ناسەنگیندریت.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی و بەو سیستمە گەندەلەی خۆیەوە بەردەوام لە ئیمە بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێت و بەم شیوەییە کە دەی هەوێت ولاتێکی ناشرین و ترسناك لە لوبنانیش وەك ئەفغانستانی کاتی حکومەتی تالیبان دروست بکات، ئەوکات ئیمە لە زووترین کات دا دەبێ زۆر شەرمیونانە بۆ لوبنان ئاواتی ولاتێکی وەکوو سومالی بخوازین.

من لە سەر ئەو باوەرەم کە ئەو بومبە ئەتومیەی کە کۆماری ئیسلامی ئیران بریار وایە ئێمەی پێ سەربەرز بکات ، هەر ئەم گەلالەیە بێ کە بریاری داوە لە شەری دژ "شەیتانی گەورە" یانی ئەمریکا و ئیسرائیل دا تا دوایین کەسی لوبنانی تێدا فیدا بکات.

کۆماری ئیسلامی ئیران بە میلیاردها دولار داهاتی نەوت لە خەیالی پێك هینانی ئیمپراتوریەکی گەورەی نوێ دایە کە ناوی ئیرانی کۆنی پی زیندو بکاتەوە و هەلبەت لەم ریگادا سوریە ش خەریکە ریگای بۆ خوش دەکات. هەر ئەو رژیمەی سوریە کە ماوەی ١٥ سال لە لەبنان دەسەلات داری کرد و لوبنانی و لە سەرجەم ناوەندەکانی ئەم ولاتە، لە دادگوستەریەوە بگرە تا ئەوانی تر کەلکی خۆی لێ وەرگرت. ئەم رژیمە بە رەوالەت لە لوبنان پاشەکشەی کرد، بەلام بە رق و کینەوە هەولی دا کە لە سەرتاسەری جیهان دا، ورەی شورشگیرانەی لوبنانیەکان کە هەمو کەس ریزی لی دەگرت، لە ناوبەریت و هەروەها یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئیرانی دا کە بە تەواوەتی دەستی بە لوبنان بگات. ئەویش بە یارمەتی (حیزبوللا) لە دەرەوەی یاساکانی لوبنان کە بە میلیونها دولار پارەی ئیران پشتیوانی دەکران. کاریگەری ئیران لە لوبنان لە ماوەی کەمتر لە سالیك دا گەیشتە ئاستیك کە ئەم شەرەی دروست کرد، شەریکە کە دەی هەویست ئیمە لوبنانیەکان هەمومان بکوژێت.

ئەم شەرە لە راستی دا، دیاریەك بولەلایەن سوریەوە بو خەلکی لوبنان و سەرجەم ئەوکەسانەی کە هەولیان ئەدا، سوریە لە بەهەشتی لوبنان و یان بە واتەیەکی تر لە ئەشکەوتی عەلی بابا، بکەنە دەرەوە .

"حەریری" کوژرا و هەموکەس دەزانیت کێ کوشتی؟ ئەو دەیویست لوبنان وەك "هونگ کونگ" لی بکات. ئەو عاشقی ئەم ولاتە بوە وەك "میشل مش" ئەو دەیویست کە ولاتیکی ئاشتی خواز دروست بکات کە پردیك بیت لە نیوان روژهەلات و ولاتانی تر. ولاتێك کە تییدا سەرجەم ئایین و نەتەوەو وگروپەکان بە شیوەیەکی ئاشتی خوازانە لەگەل یەك بژین.

حەریری ئەو لوبنانەی دەویست کە لە باوکیەوە بیستبوی، بەلام ئەم عەشقە بە قین لە دڵی و نەفرەت ولام درایەوە. چونکە نە سوریە و نە ئیسرائیل هیچ کامیان نەیان دەویست کە خەلکی لوبنان بە ئاوەها مودلیکەوە لە هاوسایەتیانەوە بن.

بۆ زۆرکەس لوبنان وەك ژنیکی زۆر جوان وابو کە حەز دەکەن دەستدریژی بکەنەسەر. ئامریکایەکان ئەو دیموکراسیەی کە وەعدەیان دابوو لە نیوەی رێگادا بە جێیان هێشت و چاوەروانیان دەکرد کە ئەم دەولەتە بی سەرەو بەرە کە هەمو کەس دەی زانی سەروك کومارەکەی بەرهەمی سوریەیە و ناتوانێ بریارنامەی ١٩٥٩ی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەبەریوە ببات و حیزبوللا چەك بکات.

شتیك وەك وتوویژی نەتەوەیی و یان حالەتیکی کاتی لەئارادا بو کە دیوەزمەیەك وەك کۆماری ئیسلامی لە دەروازی دیمشقەوە تیپەر بوو و خۆی گەیاندە لوبنانێکی لاواز و بی هیز. لە پر رژیمی ئیران بریاری دا ناکوکیەکانی ئیسرائیلی عەرەبی بجوولێنی و لەم بارەوە توانی کە هەستی هەموان کەس ببزوینیت و ئەم هەستە بە هەستی کۆنی شکست خواردوی شیعەکان ببەستێتەوە، بە تایبەت شیعە عەرەبەکانی لوبنان.

بە هەرجوریك بو رژیمی ئیران توانی کە "فەرهەنگی مەرگ "بژیرت بۆ لوبنان و ئەم فەرهەنگە لەلایەن شیعەکانی لوبنانەوە وەك مودیلی کومەلایەتی و مودیلی ژیان، زور زوو ریشەی داکوتا . خەلکی شیعە لە بەشی باشووری بەیروت جیگیربوون و لە دامەزراندنی بنەرەتی کومەلگای لوبنان دا بەشیوەی هەلسوراو بەشداریان نەکرد.

رەنج و ئازاریك کە خەلکی باشوری لوبنان لەماوەی ١٠ سال داگیر کەری ئیسرائیل لەم ناوچە تەحەمولیان کردبو، ریگای بۆ بەریوە بردنی بەرنامە و گەلالەی ولاتانی وەك ئیران و سوریە ورەنگە هەر دو بە هاوبەشی، خوش کرد.

## لوبنان بەرەو کوتایی خۆی پاڵ پێوە دەنرێت

من جاریکی تر دوپاتی دەکەمەوە: لەرز وتاوی بیروباوەری رژیمی ئیران و شێتی رژیمی سوریە، درەنگ یان زو ئەبیتە هۆی لە ناوچون ونەمانی لوبنان. ئەو لوبنانەی کە ئیمە لە کاتی سەر بە خۆییەوە دەیناسین، خەریکە بەرەوکوتایی خۆی دەچیت.

لە نیوان ئیسرائیل کە دەیهەویت پاریزگاری بەرژەوندی خەلك و دەولەتەکەی بکات و رژیمیك لە ئیران کە دەیهەویت ئیسرائیل لە ناو بەریت، لوبنان هەلکەوتوە و من دلنیام کە تەنیا ولاتیك کە لەناو دەچیت، لوبنانە. لوبنان توانایی تەحەمولی ئەم گوشار و ئەم شێتیەیەی نیە. ئەم قەیرانە توزیك وەك قەیرانی موشەکی روسەکان بو سەر کوبا و ئەمریکا لەکاتی "کەنیدی" دەچیت. موشەکەکانی ئیران لەلایەن حیزبوللاوە بەرەو ئیسرائیل دەهاویژریت، بەم جیاوازیەوە کە لوبنان کوبا نیە و ئیسرائیل ئەمریکا نیە و ئیران شورەوی نیە.

سعودیەکان دەلین کە لیژنەی ریکخراوی نەتەوەیکگرتوەکان لەباتی رویشتن بۆ لوبنان بۆ چارەسەری ناکوکیەکان و کیشەی شەر ئەبی بچنە ئیران. من لام وایە کە راست دەکەن. ئەبی لەعنەت بکەین لە دو روویی زۆربەی دەوڵەتان، ئەم دو رووییە ئەبیتە هۆی کوژرانی دوایین کەس لە لوبنان. وا نیە؟

کەسیك وتی: جەهەندەم لە سەر زەوی هەر ئەم ژیانەی ئیمەیە. ئیمە لە لوبنان باوەرمان بەم قسە هەیە، بەراستی شتیکی تر غەیری لوبنانی ئەمرۆ کە وەك ئەم جەهەنەمێك بچیت بەر چاو ناکەویت. تا ئیستا پیمان وابو کە لە جەهندەمی بە ناوی ژیان لە نیوان دو ولاتی سوریە و ئیسرائیل دایە، قەت بیرمان نەدەکردەوە کە جەهەنەمیکی تر لە دورەوە ئیمەی گەمارو داوە کە زۆر خرابتر لەم دو ولاتەیە. بە دلنیایەوە کە ئەگەر جەهەنەم لە چەند چین پێکهاتبێ ئیمە لە خواری خوارەوەی هەمو چینەکانەوە وەستاوین. ئەگەر لەم بارەوە قسە بکەین و یان شتیك بنوسین، دەست بە جی بە دوژمن ناومان دەبەن. سەرەرای ئەوەی کە ئەمرۆکە لە لوبنان کومەلگایەکی روشنبیری گەورە هەیە ،حیزبوللا کە ریبەرایەتی بیروباوەری شیعەگەری دەکات ، وەك تەنیا حیزبی چەك دار گوشاری خستوەتە سەر بیروباوەرەکانی تر و ئەگەر بیر و باوەرکی تر بیهەویت کە خۆی بسەلمینیت ریگای لی دەگرێت ، تەنانەت کاتیك کە ئەکتەریکی بەرنامەی تەلەفزیونی لە نەقشی حەسەن نەسروللا دا کاییەی کرد، ئەم مەسەلە نزیك بو کە کارەساتیکی لی بکەویتەوە هەر بویە بەردەوام مەترسی هەلگیرسانی شەری ناوخوی لە لوبنان دا هەیە.

ئیستا ئیمە نەتەوەیەکین کە ئازادی دەویت و دەی هەویت کە بژی، رەنگە زۆر جار بە هۆی هەڵەکانمانەوە بێت، بەلام سەرەرای هەمو هەڵەکانمان ماڤی ئەومان هەیە کە تۆزیك بژین. رەنگە ئەم ئالوزیە بووبێت بە بەشێك لە کەسایەتی ئیمە.

بەلام خۆ هەلکیشان نیە ئەگەربلیم کە رۆژگاریك هەرئەم ولاتە بچوکە لەباری فەرهەنگی و دیموکراتیکەوە لە رۆژهەلاتی ناوەراست بی وینە بو. بەلام ئەم جارە کوتایی هەمو شتەکانە و ئەمە هەستی ئیمەیە و هیچ کەس لە لوبنان لە داهاتوی مندالەکانی دلنیا نیە، هەمو کەس دەیهەویت دەرچیت، ئەم هەستە تەنانەت پیش لە شەریش لە دڵی زۆر کەس دابوو و ئەم شەرە ئەم هەستەی تەئید کرد.

رەنگە ئیمە نەتەوەیەك بین کە حەزی لە پیکەنین بیت و پیویستی بە خوشی هەبێ و حەزە بکات کە بچیتە سەیران. بەلام هەر وەها بزانن کە ئیمە نەتەوەیەکین کە حەزی لە کوچ کردنە، هەلبەت ئەمە بەو مانایە نیە کە ولاتەکەمان خوش ناویت، بەلکو زۆرتر بۆ ئەوەیە کە لە دورەوە بۆی بگرین !... وەك کەسیك کە بۆ خەون و خەیالەکانی لاویەتی و یەکەمین عەشقی، دواتر خەفەت بخوات.

بۆ نەتەوەیەك کە هیچ داهاتویەکی نیە و خۆی بار ناهینیت ، ئەو نەتەوە یە بونی نیە، رەنگە تەنیا بیرەوەریەك لە ئیمەوە بمێنیەتەوە و تەنیا ناویك بێ لە کتیبە کۆنەکان دا.

دەورەی دووهەم ژمارە ٢٢٤ نیمەی ئەوەلی رەزبەری ١٣٨٥ سیپتامبری ٢٠٠٦

پێشڕەو

## سەدان هەزار بۆمبی هیشویی نەتەقیو ، ئەو میراتەی کە لە شەری ئیسرائیل و حیزبوللا بۆ خەلکی لوبنان بە جیٚماوە

بە پیی راپۆرتی گروپەکانی پۆچەل کردنەوەی مەوادی تەقەمەنی سەر بە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، نزیکەی ١ملیۆن بۆمبی هیشویی ومین و تەقەمەنی دیکە لە شەری ٣٤ رۆژەی ئیسرائیل و حیزبۆللا لە باشوری لۆبنان بە جی ماوە و بەردەوام هەرەشە لە گیانی خەلکی ئەو ولاتە دەکات.

کارناسان دەلێن :کۆ کردنەوەی بۆمبی هیشویی کە لە رۆژانی کۆتایی شەر لە باشوری لوبنان لە لایەن فرۆکە ئیسرائیلیەکانەوە بە سەر خەڵکی ئەم ناوچەدا رژاوە، ١٠ سال دەخایەنیت. بە ووتەی کوفی عەنان سکرتیری گشتی نەتەوە یەکگرتۆەکان ئەرتەشی ئیسرائیل لە کاتێك دا بەمباران بە بومبی هێشویی پەرەی پیٚ دا کە دەی زانی کە رۆژانی ئاخرش شەر بوو و دەی زانی بریارنامەیەك بۆ رێك کەوتن خەریکە گەلالە دەکریٚ.

"کریس کلاراك" بەرپرسی ناوەندی پوچەل کردنەوەی مەوادی تەقەمەنی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەم بارەوە وتی: زیاتر لە ٤٠ لە سەدی بۆمبی هیشویی و تەقەمەنی تر لەوانە راکت، گوللە تۆپ و هاوەن لە باشوری لۆبنان بە جی ماون کە هیشتا پۆچەل نەکراوەتەوە.

ناوبراو وتی: دەولەتی ئیسرائیل بە دانی زانیاری سەبارەت بە شوینە بۆردمان کراوەکانی باشوری لۆبنان لە لایەن فرۆکەکانی ئەم ولاتەوە ئەتوانیت یارمەتی بە هەلسورانی پۆچەل کردنەوەی مەوادی تەقەمەنی بدات، بەلام لەم کارە خۆی دەپاریزیت.

راپۆرتی ئەنجۆمەنی بالای پەنابەرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە هۆی بەربلاو بونی بۆمبی هیشویی لە باشوری لۆبنان ٢٠٠ هەزار ئاوارەی ئەم ناوچانە ناتوانن بەم زوانە بگەرینەوە بۆ خانوەکانی خۆیان.

بە پیی ئامارەکان لە کاتی دەس پی کردنی شەری نیوان ئیسرائیل و حیزبۆللا لە باشوری لۆبنان تا ئیستا ١٥ کەسی مەدەنی بە هۆی تەقینەوەی بۆمبی هیشویی گیانیان لە دەست داوە و دەیان کەسی تر بریندار بون.

## تەحەسونی شۆفیرانی ماشینی شەخسی سنە لە بەردەم ئوستانداری کوردستان

سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە ٥ی رەزبەر، شوفیرانی ماشینە شەخسیەکانی شاری سنە لە نارەزایەتی بە سەهمیە بەندی کردنی بەنزین لە بەردەم ئوستانداری کوردستان کۆبونەوە.

بەشداروبوان کە ژمارەیان بەردەوام زیادی دەکرد، بە وەستاندنی ماشینەکانیان لە بەردەم ئوستانداری، بونەهۆی دروست بونی ترافیك و قەرەبالخی لە سەر شەقامی ئوستانداری.

شەریکەی دابەش کردنی بەرهەمە نەوتیەکانی ئوستانی کوردستان لە رۆژی چوارشەممەوە سەهمیەی بەنزینی بۆ ماشینی پلاك سپی لە شاری سنە، لە هەر سی رۆژ ١٠ لیتر راگەیاندوە، لە حالیکدا ئەم سەهمیە تا رۆژی سی شەممە ٢٥ لیتر بۆ هەر سی رۆژ دیاری کرا بو.

## ئەو چوار ژنەی کە پیویستە لە قەساس و پەتی سیٚدارەی رژیمی ئیسلامی رزگار بکریٚن

ئەو چوار ژنە بە پێی حوکمی دواکەوتوانەی قەساسی شەرعی لە بیٚ دادگاکانی رژیمی ئیسلامیدا بە ئیعدام مەحکوم کراون.

لە سیستمی قەزایی رژیمیك دا کە منالی ژیر ١٨ سال ئیعدام دەکریٚ و حوکمی سەنگەسار دەردەچیٚ،بە ناوی قەساس چاوهەلدەکۆلن و دەست دەبڕنەوە، هەرگیز چاوەروانی موحاکەمەیەکی عادلانە لە هیچ کێشەیەك دا ناکریٚ و گومان لەوە دانیە کە موحاکەمەی ئەو چوار ئینسانەش عەدالەتی تێدا نەبوٚە.

جگە لەوەی کە حوکمی ئیعدام خۆی لە خۆیدا، پیویستە لە سیمای کومەڵگای بەشەری پاك بکرێتەوە، سەبارەت بەم چوار ژنەی کە چاوەرێی سیٚ دارە دەکەن، بە دووقات زۆرتر پیویستە هەولی هەلوەشاندنەوەی ئەو حوکمە دیاریکراوەش بدریٚ .

ئەوانە بە پێی قانونی کۆنەپەرەستانەی قەساس حوکم دراون و چاوەرێی، بەخشین لە بنەمالەی لایەنی بەرانبەریان دەکەن. رژیمی ئیسلامی کە خۆی سەرچاوەی هەموو جینایەتێکە، دەی هەویٚ وا بنوێنی کە بە هوی رەزایەت نەدانی ئەوانەی کە پێییان دەڵیٚ "ئەولیای دەم" دەچیٚتە پای ئیعدامی ئەو چوار کەسە.

بەلام واقعیەت ئەوەیە کە ئەوە تەنیا رژیمی ئیسلامییە کە لەم کارە بەهرەمەند دەبیٚ و لەم ریگەیەوە تووی ترس و وەحشەت لە ناو کومەلگادا دەچینی.

لە رۆژانی رابردوودا، حەرەکەتێکی بەربلاو بۆ رزگار کردنی ئەو چوار ژنە لە پەتی سێدارەی رژیم لە ناوەوە و لە دەرەوەی ولات دەستی پیٚ کردوٚە و راگەیەنەرە گشتییەکانی کۆمەلە بە تەفسیل لە سەری چوٚە. کومیتەی دەرەوەی ولاتی حیزبی کومونیستی ئیرانیش بانگەوازێکی لەم بابەتەوە بلاو کردوٚتەوە.

## خۆراگری خەڵکی ئاوابیەکی نزیك شاری بانە لە بەرانبەر هیرشی هیزەکانی رژیم

رۆژی سیشەممە چواری رەزبەر ژمارەیەك لە هیزەکانی ئینتزامی کۆماری ئیسلامی لە شاری سەقزەوە دەچن و هیرش دەکەنە سەر ئاوایی کیلەشین لە ١٥ کیلۆمتری شاری بانە.

ئەم هیرشە بە بیانوی بونی بەنزین و نەوتی قاچاخ لەم ئاواییە بەریوە چو.

خەڵکی ئاوایی لە بەرانبەر هیرشی هیزەکانی رژیم خۆراگری دەکەن و بە دار و بەرد ریگە لە هیزەکانی رژیم کە دەیانویست دەس بە سەر بژیوی رۆژانەی ئەو خەڵکە کە لە سنورەکانی کوردستانی ئیران و عیراق کاسبی پیوە دەکەن و رژیم بە قاچاخی ناوی دەبات، دەگرن.

## خاوەنکارانی شەریکەی رستن و چنینی "کوردستان" ١٣ کریکاری تریان دەرکرد

بە شوین کردەوە دژەی کریکاریەکانی خاوەنکارانی شەریکەی رستن و چنینی کوردستان لە ماوەی ٢ ساڵی رابردودا، لە کردەوەیەکی تر دا، ١٣ کریکاری ئەم شەریکەیە لە لایەن خاوەنکارانەوە لە سەر کار دەرکران.

کریکارانی دەر کراو هەر کامەیان ١٠ ساڵ پیشینەی کاریان لەم ناوەندە دا هەیە و بە دوای نارەزایەتی ئەم دواییانە بە بەستنی قەراردادی ٦ مانگە خەریکی کار بون، بەڵام بەریوەبەرایەتی ئەم شەریکە رایانگەیاندوە کە ئەگەر حەقدەستی سالی رابردوو قەبوڵ دەکەن قەراردادەکانیان نوی دەکریتەوە و بە پیچەوانەوە پاش کۆتایی قەرارداد لە سەر کار دەر دەکرین.

ئەمە لە حالیکدایە کە خاوەنکارانی شەریکەی رستن و چنینی کوردستان پیشتر ٤٥٠ کریکاری قەراردادی خۆیان لەم شەریکە لە سەر کار دەر کردبو.



## مانگرتنی کریکارانی شیرکەتی ئوتوبوسرانی تەوریز، حەرەکەتێکی گرینگ لە خەباتی کریکارانی ئیران دا

شۆفیرانی شیرکەتی ئۆتۆبوس رانی تەوریز و دەور و بەر دەستیان لە کار هەڵگرت

رۆژی پینجشەممە ٦ی رەزبەر شۆفیرەکانی شیرکەتی ئۆتۆبوس رانی تەوریز و دەور و بەر لە نارەزایەتی بە دواخستنی حەقدەستەکانیان دەستیان لە کار کیشایەوە و کۆبونەوە.

شۆفیرانی نارازی بە کۆبونەوە لە ناوەندی چاك کردنەوەی ئۆتۆبوسەکانی ئەم شیرکەتە، خوازیاری چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکانیان و دانی سەر وەختی حەقدەست و مەزایای خۆیان بون.

زیاتر لە ٥٥٠ شۆفیری ئۆتۆبوس رانی تەوریز و دەور و بەر تا ئیستا حەقدەستی مانگی خەرمانانی خۆیان وەر نەگرتوە.

پاش نارەزایەتی شۆفیران، بەرپرسانی شیرکەتی ئۆتۆبوس رانی تەوریز و دەوروبەر بەلینیان دا کە لە زوترین کاتدا حەقدەستەکانی ئەوان بدەن.

## هیزە بەسیجیەکان لە شاری دیواندەرە ٢ لاویان بریندارکرد

شەوی هەینی ٣١ی خەرمانان ژمارەیەك لەلاوانی ئاواییەکانی دەوروبەری ئاوایی "نسارە" لە نزیك شاری دیواندەرە، لە سەر تەپەی ئەم ئاواییە ئاگریان هەلکرد بو، بەلام کەسیك لە هیزەکانی بەسیج بەناوی "ناسر باوەیسی " تەقەی لەم لاوانە کرد و سەرەرای نارەزایەتی لاوان، تەقەکردن بەردەوام بو و لە ئاکام دا دوکەس لاوەکان بریندار بون.

کەسیك لە بریندار بوان بە ناوی "لوقمان سەیادی" بۆ نەخوشخانەی تاران گویزرایەوە و کەسیکی تر بە ناوی "ئارمان چراغی" کە لە لایەن سەرەوە بریندار بوە بۆ نەخوشخانەی بیعسەتی سنە گویزراوەتەوە.

## هەلسوراوانی کریکاری شاری سەقز دیسانەوە بانگ کرانەوە بۆ دادگا

بە پیی راگەیاندنیك کە لە لایەن کۆمیتەی هاوئاهەنگی بو پیك هینانی ریکخراوە کریکاریەکانی ناوچەی رۆژئاوا بلاو بوەتەوە، مەحمود سالحی و جەلال حسینی لە هەلسوراوانی کریکاری بۆ دوایین بەرگری لە خۆیان سەبارەت بە پەروەندەی ئەوەلی مانگەی مەی سالی ١٣٨٣ بانگ کراونەتە دادگا.

لە ئیحزاریەی دادگای شاری سەقز دا داوایان لی کراوە کە لە رۆژانی دوشەممە و چوارشەممە ٢٤ و ٢٦ی رەزبەر لە دادگا ئامادە بن.

## ژنیکی تر لە شاری "سنە"بوە قوربانی بیر و باوەری کونە پەرەستانە

ژنیکی دانیشتوی شاری سنە بوە قوربانی بیر و بۆچونی دواکەوتوانەی زال بە سەر کومەلگادا و گیانی لەدەست دا.

"شاگوڵ سەلیمی " خەلکی ئاوایی "مەرەگەر"ی دیواندەرە و دانیشتوی شاری سنە کە چەند سال لەوە پیش بە نابەدڵ بەشیوەی "ژن بەژنە" ژیانی هاوسەریەتی پیکەوە نابو، بە هۆی ئازار و ئەزیەت لە لایەن هاوسەرەکەیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.

"شاگول سەلیمی " کەبەتوندی بریندار ببو بە هۆی خراپی بارودوخی جەستەییەوە بۆ نەخوشخانەی تەوریز گۆیزرایەوە، بەداخەوە ناوبراو رۆژی پینج شەممە ٣٠ی خەرمانان لە نەخوشخانەی تەوریز گیانی لە دەست دا.

## مەرگی دلتەزینی کریکاریکی ١٨ سالە لە کورەخانەیەك لە شاری بۆکان

کریکاریکی ١٨ سالەی خەڵکی شاری بۆکان رۆژی چوارشەممە بە هۆی روداویکی دەلتەزین لە یەکیك لە کورەخانەکانی ئەم شارە گیانی لە دەست دا.

"کەمال" لاوی ١٨ سالە کە هاوری لە گەل باوکی "محەمەد ئەمین" و بنەمالەکەی لە کورە ئاجۆری "ئیعتماد" لە جادەی بۆکان_ میاندواو خەریکی کار بو لە کونیکەوە کە لە سەر بانەکە بو کەوتە نیو کورەکەوە و لە نیو بلیسەی ئاگر و لە پیش چاوی باوکی و باقی ئەندامانی بنەمالەکەی گیانی لە دەست دا.

محەمەد ئەمین باوکی ئەم کریکارە لاوە ویرای سکالا لە خاوەنکاری کورەخانەی ئیعتماد أایگەیاند کە پیشتر چەندین جار سەبارەت بە چاك کردنەوەی سەربانی کورە خاوەنکاری ئاگادار کردوەتەوە، بەلام خاوەنکار هیچ سەرەنجیکی بە ئاگاداریەکانی ئەو نەدابو.

## مانگرتنی کریکارانی شەریکەی "پارس فەن تەدبیر" سەرکەوتوانە کۆتایی هات

رۆژی ٥ی رەزبەر کریکارانی مانگرتوی شەریکەی "پارس فەن تەدبیر" لە پیترۆشیمی کرماشان لە دریژەی مانگرتنەکەی خۆیاندا، بۆ بە دوادا چونی خواستەکانیان بە هەلبژاردنی ٤ نوینەر لە گەل خاوەنکاران وتوویژییان کرد.

لەم وتوویژەدا خاوەنکاران سەرجەم خواستی کریکارانیان قەبول کرد و کریکاران سەرکەوتوانە کۆتاییان بە مانگرتنی خۆیان هینا و گەرانەوە سەر کارەکانی خۆیان.

لە وتوویژی نیوان خاوەنکار و نوینەری کریکاران ریککەوتنیك بە دەست هات کە بریتییە لە:

١_ سەرجەم ئەو کریکارانەی کە لە ١٠ رۆژ پیشتر لە سەر کار دەر کرا بون، دەگەرینەوە سەر کارەکانیان.

٢_ حەقدەستی مانگی پوشپەری کریکاران رۆژی پینجشەممە ٦ی رەزبەر و حەقدەستی مانگی گەلاویژی ئەوان لە ریکەوتی ١٧ رەزبەر ئەدریت.

٣_ خاوەنکاران تا ریکەوتی ١٧ی رەزبەر ناتوانن هیچ کەس لە سەر کار دەربکەن

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٢٤ september: ٢٠٠٦

## ئەو چوار ژنەی کە پیویستە لە قەساس و پەتی سیّدارەی رژیمی ئیسلامی رزگار بکریّن

ل٧



شەهلا



فاتمە



کبری



نازنین

# ئەرتەشی تورکیە بەردەوام لە هەلگرتنی ئاشایش لە خەڵکی سنورەکانی کوردستان



هیرشی تۆپخانەکانی ئەرتەشی تورکیە بۆ ناوچەکانی کوردستانی عیراق

لە یەك هەفتەی رابوردوودا، ئەرتەشی تورکیە دوو جار چەندین شوینی لەسەر سنوری کوردستانی عیراق بە خەستی توپ باران کردوە و خەڵکی ئەو ناوچانەی نیگەران کردۆە.

ناوچەکانی "نزدوری، ئالۆش، نزدور، کەشان و حەفتەنین" لەم شوینانەن کە توپ باران کراون هەر وەها هەر لەم ماوەیەدا چەندین جار فرۆکەکانی ئەرتەشی تورکیە بە ئاسمانی ئەم ناوچانەدا گەراون.

لە ماوەی دوومانگی رابردوودا ئەرتەشی تورکیە، نزیکەی ١٥٠ هەزار هێزی چەکداری خۆی لە ناوچە سنوریەکان دا کۆ کردۆتەوە و هەرەشەی پەلاماربران بۆ سەر سەر بنکەکانی پ.ك.ك لە کویستانەکانی قەندیل دەکات.


دەولەتی ئەمریکا کە خۆی لە عیراق بە دەسەلات دار دەزانێ نای هەوێ لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە یەك روو بێتەوە و لە هەولی ئەوەدایە کە ریگا نەدات بە دەلەتی تورکیە کە بیانویەك بۆ هاتنە ناو خاکی عیراق بە دەست بێنێ.

هەموو نیشانەکان وا دەگەیەنن، کە ئەرتەشی تورکیە بە بوونی هێزەکانی پ.ك.ك لە قەندیل زۆر سەخلەت نێیە، بەڵکوو دەی هەوێ کە ئەوان هەم لەو شوینە نەمینن و هەمیش دەست لە عەمەلیاتی نیزامی و سیاسی لەناوەوەی کوردستانی تورکیە هەلبگرن.

مانەوەیان وەکوو هێزیکی چەکدار پیوستە چونکە دەی کەن بە پاساوی سەرف کردنی سالانە میلیاردەها دولار بۆ تەیار کردنی ئەرتەشی تورکیە و بۆ بە هێزکردنی دەسەلاتی فەرماندەکانی ئەرتەش لە بەرانبەر رەهبەرانی سیاسی ئەو ولاتەدا.

چالاکی نەکردنیشیان، هەر پێویستە بۆ ئەوەی کە نەبن بە هاندەری خەباتی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان لە تورکیە.

## دیموکراسی تورکیە ٥٦ شارەدار بە تاوانی ئیمزای تومارێك دەداتە دادگاه




٥٦ شارەداری کورد لە ئۆستانی "دیاربەکر" لە کوردستانی تورکیە بە تۆمەتی یارمەتی بە "پ.ك.ك" مەحاکمە دەکرین.
ئەم کەسانە بە هۆی نوسینی نامەیەك بۆ "ئاندریس فۆ راسمۆسین" سەرۆك وەزیری دانمارك مەحاکمە دەکرین.

ئەوان لە نامەکەی خۆیاندا داوایان لە سەرۆك وەزیری دانمارك کردبو کە ویزگەیەکی تەلەڤزیۆنی کوردی کە لە دانمارك دامەزراوە و دەولەتی تورکیە خوازیاری داخرانیەتی، دا نەخات.

٥٥ کەس لەم ژمارەیە لە دانیشتنی دادگا دا بەشدار بون و دەوتریت کە ئەگەر تۆمەتەکانیان بسەلمیت بە ١٥ سال زیندان مەحکوم دەکرین.

دەولەتی تورکیە دەلیت کە تەلەڤزیۆنی "رۆژ تی ڤی" پر و پاگەندە بۆ "پ.ك.ك" دەکات.

سەرەرأی هەولی دەولەتی تورکیە بۆ مەجبور کردنی دەولەتی دانمارك بە داخستنی ئەم کاناڵە تەلەڤزیۆنییە، "کۆپینهاگ" لە داخستنی ئەم کاناڵە خۆ دەپاریزیت و بە ئاماژە بە ئازادی بەیان وەکو هۆکاری سەرەکی دریژەی کاری ئەم ویزگە تەلەڤزیۆنییەی راگەیاندوە.

## مانگرتنی کریکارانی شیرکەتی ئوتوبوسرانی تەوریز، حەرەکەتێکی گرینگ لە خەباتی کریکارانی ئیران دا



شۆفیرانی شیرکەتی ئۆتۆبوس رانی تەوریز و دەور و بەر دەستیان لە کار هەڵگرت

رۆژی پینجشەممە ٦ی رەزبەر شۆفیرەکانی شیرکەتی ئۆتۆبوس رانی تەوریز و دەور و بەر لە نارەزایەتی بە دواخستنی حەقدەستەکانیان دەستیان لە کار ل٧

## هەلسوراوانی کریکاری شاری سەقز جاریکیتر دەبرینەوە بەردەم بێ دادگایی رژیم

ل٧

### دواستون

## کێ قازی، کێ تاوانبارە؟

بە شوین سوخونرانیکی پاپ دا، ژمارەیەك پرووکاتوری پیشەیی لە وەلاتانی موسولمان نشین کەوتنەخۆ ئالای "وا ئیسلاما" یان بەرز کردەوە و لە بەرانبەر قسەکانی پاپ دا کە وتوبووی ئائیینی ئیسلام هاندەری توندوتیژی بووە، بو ئیسباتی ئەوەی کە بە پیچەوانەوە ئائینی ئیسلام سەرچاوەی هێمنی ومیهربانیە، راهیبەیەکی پیریان عەلەل حیساب لەسەر شەقام تیکەتیکە کرد، چەند کلیسایان روخاند، داوەلی پاپیان ئاور تێ بەردا و ئەگەر پاپ زوو لە قسەکانی پاشگەز نەبوباوە، لەوانە بوو فریوکارانی پیشەیی لە دونیای ئیسلام دا یەك دومانگی تریش نانی پیوە بخون.

مێژوی مروڤایەتی، رەوتی روداوەکانی، لە هەلسەنگاندنی پێشینەی مەسیحیەت و ئیسلام دا، نە بەنەرم و نیانی ریاکارانەی ئەمرۆی پاپ پاساو دەکرێ و نە بەچاوسورکردنەوەی موسولمانانی دەمارگرژ لە بیر دەچێتەوە. ئەوە میژوە و هەمووی رەش لەسەر سپی نوسراوە. ئەوکەسانەی وا گومان لەو حەقیقەتەدا دەکەن کە ئائینی ئیسلام لە نیم دورگەی عەرەبستاندا لە ریگەی "غەزەوات" جیگیر بوو و بە تیغی شمشیری سەردارانی ئیسلام و بە زەبری "جەزیە" پەرەی سەند و ئیستاش بۆ نمونە لە ولاتیکی وەکوو ئیران بە "تەقیە" و بە زەبرو زەنگ حکومەت دەکات، ئەوا "کفر" یان کردوەو پیش هەموو شتیك دەبێ گومان لە رادەی پابەندی خۆیان بە ئیسلام دا بکەن.

لەم کیشەیەدا کاری پاپیش زۆر ئاسان نیە. لە مێژووی مەسیحیەت دا ئەگەر توند و تیژی لە ئیسلام زۆرتر نەبووبێ، هەرگیز کەمتر نەبووە. مێژووی سەدەکانی ناوەراست پڕن لە جینایاتی کەم وێنە کە وەبیر هێنانەوەیان ئەمرۆش موچرك دەخاتە لەشی هەر ئینسانێك. ئەشکەنجەی وەحشیانە، سووتاندنی ئینسانەکان بە تاوانی شك کردن، شەڕی سەلیبی بەرپا کردن، بۆ سەدان ساڵ بە زەبر و زەنگ پاراستنی دەسەڵاتی واتیکان، تەنانەت بێ رەحمی بێ ئەوپەڕ بەرانبەر بە باڵەکانی ناوخۆی مەسیحیەت، ئەوانە رووداوگەلێك نین کە پاپی کۆنەپەرەست و وشك مەغز ئەمرۆ بتوانی بیان شارێتەوە. فاشیزمی ئاڵمان لە ژێر باڵ و پەڕی کلیسادا پەروەردە بوو، کە گەورەترین جینایەتی مێژووی بەشەری بەرێوە برد. کەوایە کیشەکە ئەوە نیە کە گویا پاپ راست ناکات بەلکو کیشە ئەوەیە کە پاپ و ئاییبنەکەی ناتوانن قازی مێژووبن بەڵکوو خۆشیان لەسەر کورسی تاوانبارانن.

دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

شەوانە: ٢١ تا ٢٢ ـــــ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شه پۆلی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەڵە):

نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئێواران: ١٩ تا ٢٠

شەوانە: ٢٢ تا ٢٢/٣٠

شەپۆلی کۆرت رەدیفەکانی:

٧٥میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهێرتز

٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهێرتز

تەلەویزیونی فەزایی کۆمەڵە

Hotbird: ٣

Freq.: ١٢٤٧٦

Pol: H

Sym; ٢٧٥٠٠

Fec; ٣/٤

رادیو سەتەلایتی کۆمەڵە

Freq: ١١٠١٣ ، Ksps: ٢٧٥٠٠

نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق

Add:Sulimania _ Rezgary

Tel: ٣١٢٤٧٦٠ _ ٣١٢٥٨١٥

E-mail: Komalah@hotmail.com

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

Tel/Fax: ٤٦١٨٤٦٨٤٩٣

E-Mail: komala@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX ٧٠٤٤٥
١٠٧٢٥ Stockholm _ Sweden
Tel/Fax: ٤٦٠٨٨٦٨٠٥٤

E-Mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:

www.komalah.org
www.radiokomaleh.com
www.cpiran.org

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania _ Zerguez

Tel: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٢٠٧٨١
٠٠٤٤٧٠٧٧٥٦٧٨٥٥

Fax: ٠٠٤٤٧٠٤٣١٢٩٢٧٣

E-Mali: Komalah@komalah.org

پێشـــــڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

ئێدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە